# پارتی دیموکراتی کورد – عێراق - بەرەی پێشکەوتوو ١٩٥١ - ١٩٥٦
## توێژینەوەیەکی مێژوویی

د. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

**پێشەکی:**

دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد ساڵی ١٩٤٦ پێویستییەکی مێژوویی بوو لە ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستاندا، بۆیە لە لایەن زۆربەی نیشتمانپەروەران و تێکۆشەرانی ئەو سەردەمە پێشوازی لێکرا. پارتی لەگەڵ دامەزراندنیدا کەوتۆتە چالاکی و ڕۆڵی دیاری بینیوە لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی باشووری کوردستان و عێراقدا، تا ئەوەی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٩ بەشێك لە ڕێکخستنەکانی دەستگیر دەکرێن. بەمەش سەرەتای دەرکەوتنی ناڕەزایەتییەکان دەست پێدەکات و ئەنجام ساڵی ١٩٥١ جیابوونەوەی بەرەی پێشکەوتووی لێدەکەوێتەوە. بەرەی پێشکەوتوو لە نێوان ساڵانی ١٩٥١-١٩٥٦ لەسەر چالاکییەکانی بەردەوام دەبێت، بەڵام تاوەکو ئێستاکە کەمترین باسی لە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر کراوە، بۆیە ئەمە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە.

توێژینەوەی لەم شێوە بابەتە بەتایبەت بۆ پارتێکی سیاسی کە لە قۆناغی خەباتی نهێنی کاری کردووە، گرفتی زۆر بۆ توێژەر دێنێتە پێشەوە، لەوانە: بەردەست نەبوونی زانیاری تەواو لەسەر تێکڕایی کار و چالاکییەکان، بە هۆی فەوتانیان و پەرش و بڵاوی سەرچاوەکان و زانیاری دژ بە یەك لە نێویاندا، لەگەڵ کەمتەرخەمی نووسینەوەی یادداشت لە لایەن کارەکتەرە سەرەکییەکان. بەڵام وێرای ئەمانە بە نەفەسێکی درێژ و بە شەونخوونی و شەنوکەوکردنی زانیارییەکانی بەردەستمان توانرا ئەم توێژینەوەیە بگاتە ئەنجام، کە لە پێشەکی و سێ باس و ئەنجام پێکهاتووە.

لە باسی یەکەمدا: تیشك خراوەتە سەر دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد و ڕۆڵ و چالاکی لە نێو ڕووداو و پێشهاتەکان تا ئەوەی ڕێکخستنەکانی ڕووبەرووی دەستگیرکردن دەبنەوە.

باسی دووەم: تەرخان کراوە بۆ دەرکەوتنی سەرەتای ناکۆکییە ناوخۆییەکان و دواتر جیابوونەوەی بەرەی پێشکەوتوو.

لە باسی سێیەمدا: هەڵوێستی بەرەی پێشکەوتوو بەرانبەر ڕووداو و پێشهاتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئاماژەیان بۆ کراوە، بۆ ئەمەش پشت بەو نووسراو و بڵاوکراوانە بەستراوە، کە لە لایەن بەرەی پێشکەوتوو دەرکراون.

لە ئەنجامدا: توێژەر شەنوکەونی ئەو ئەنجامانەی کردووە، کە لە دووتوێ توێژینەوەکەدا پێگەیشتوون.

بۆ ئەم توێژینەوەیە پشت بە ژمارەیەك سەرچاوە بەستراوە، لە نێویاندا دیمانەیەك کە هەر یەك لە سدیق ساڵح و عەبدولڕەقیب یوسف لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا ساڵی ١٩٩٨ لە سلێمانی ئەنجامیانداوە، لێرەشدا هەرچەندە لە دیمانەکەدا هەمزە عەبدوڵڵا ژمارەیەك زانیاری پێشکەش دەکات لە سەرچاوەکاندا باس نەکراون، بەڵام توێژەر بە پارێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، چونکە ناوبراو بەشێك لە زانیارییەکانی دژ بەیەکن، جگە لەوەش وا پێش دەدات هەموو شتێکی نەدرکاند بێت و ئەنجامدانی دیمانەکەی بە دڵ نەبێت. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە پشت بە بەشێك لەو نووسراو و بڵاوکراوانە بەستراون، کە بەرەی پێشکەوتوو دەری کردوون، ئەمەشیان دەربڕی هەڵوێستیان بووە لە بەرانبەر ڕووداو و پێشهاتەکاندا، کە لە باسی سێیەم زیاتر سوودیان لێبینراوە. ئیدی ئەمان و ژمارەیەکی دیکە لە سەرچاوە پشتیان پێ بەستراوە و لە ڕیزبەندی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

دیارە ئەم توێژینەوەیە لە کەموکورتی بەدوور نییە و هەوڵێکی سەرەتا و جدییە، توێژەر ناویەتی، بۆیە دەخوازین بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیر بکرێت، بە سەرنج و تێبینییەکان کون و کەلێنەکانی چاکتر بکرێن.

### باسی یەکەم: دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد و ڕۆڵی لە نێو ڕووداوەکاندا

هەلومەرج و بارودۆخی دوای ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ساڵی ١٩٤٦، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بەسەر تێکڕایی پارچەکانی کوردستاندا هەبوو، لەم سۆنگەشەوە لە باشووری کوردستاندا بیرکردنەوە لە یەکخستنی کۆمەڵە و هێزە شۆڕشگێڕەکان لە چوارچێوەی یەك پارتی نەتەوەیی شۆڕشگێردا، کەوتە بیری نیشتمانپەروەرانی کورد، تا دواجار لە ئەنجامی هەوڵەکاندا دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد)ی لێکەوتەوە.

ئاشکرایە سەرچاوە مێژووییەکان، کە باس لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد دەکەن، زانیاریی جیاواز و دژ بە یەك دەدەن بە دەستەوە. لەم بارەیەوە هەمزە عەبدوڵڵا (١٩١٥- ١٩٩٨) وەك دەستەی دامەزرێنەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد هی ئەو بووە و خۆشی ساڵێك بەر لە دامەزراندنی پێڕەو و پرۆگرامی بۆ نووسیوە، دواتر بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ هەر یەك لە میرحاج ئەحمەد (١٩٠٥-١٩٨٧) و مستەفا خۆشناو (١٩١٢-١٩٤٧) قسەی کردووە، ئەوانیش بابەتەکەیان پەسەند کردووە. هەمزە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دوای ئەو هەنگاوە لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) ڕاوێژیان کردووە، مەلا مستەفاش لەسەر بابەتەکە ڕەزامەندی دەربریوە، بەمەش لەسەر گێڕانەوەکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"**سێ جەلسە دانیشتین، ٩ کەس بووین، ئەنوەر دڵسۆز ... و وەهاب ئاغای جوندیانی و محەمەد مەحموود قودسی و مستەفا خۆشناو و میرحاج ئەحمەد و عەبدولڕەحمان موفتی و من [ هەمزە عەبدوڵڵا مەبەستی خۆیەتی– توێژەر] و مەلا مستەفا و نوری ئەحمەد تەها ... لەم سێ جەلسە مەشروعی دامەزراندنی پارتیمان کرد و موافقەتمان لەسەر کرد ...**". هەمزە لەم گێڕانەوەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات خۆی پێشنیاری کردووە بگەڕێتەوە بۆ باشووری کوردستان، دواتریش مەلا مستەفای بارزانی پێشنیارەکەی پەسەند کردووە. ناوبراو لە دیمانەکەیدا دەڵێت بەیانی دامەزراندن خۆم بە عەرەبی نووسیومە و محەمەد مەحموود قودسی (١٩٢٢-١٩٤٧) کردوویەتی بە کوردی، هەروەها بەیاننامەیەکیشیان

**بەناوی مەلا مستەفای بارزانی نووسیوە بۆ خەڵکی باشووری کوردستان تا پشتیوانی پارتی دیموکراتی کورد بکەن. بەمەش هەردوو بەیاننامەکە لە مەهاباد چاپکراون**[١].

لە لایەکی دیکە، بەکری عەبدولکەریم حەویزی وەکو شایەتحاڵێك و بەشداربووی ڕووداوەکانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەڵێت:" **پاش شۆڕشی بارزان و دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و گۆڕانی زرووفی سیاسی لە دونیادا و بە تایبەتی لە ئێراندا، مەلا مستەفا بیری کردەوە کە جەماوەری کورد لە کوردستانی عێراقدا پێویستی بە پارتێکی سەربەخۆ هەیە. لەبەر ئەوە لە مانگی ١٩٤٦/٢ پارتی دیموکراتی کورد لە عێراقدا بە هاوکاری ئەم ئەفسەر و ئەهلییە تێکۆشەرانی خوارەوە دروست بوو: مەلا مستەفا، هەمزە عبداللە، ئەنوەر دڵسۆز، بەکر عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، نوری ئەحمەد تەها، محەمەد قودسی، عێززەت عەبدولعەزیز، خێروڵڵا عەبدولکەریم، جەلال ئەمین، محەمەد سالح ژاژەڵە، عەبدولڕەحمان نەقیب، میرحاج ئەحمەد، وەهاب محەمەد ئاغا و شێخ لەتیف شێخ مەحمود حەفید..."**[٢].

عەلی عەبدوڵلاش لە نووسینەوەی مێژووی پارتی دیموکراتی کورددا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەنووسێت، لە دوای گۆڕانکاریی و پێشهاتە سیاسییەکان لە کوردستان و ناوچەکە و لێدانی شۆڕشی بارزان ساڵی ١٩٤٥، دامەزراندنی پارتێکی پێشڕەوی شۆڕشگێری خاوەن پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆیی گونجاو لەگەڵ پلەی نوێی بزووتنەوەی کوردایەتی لە عێراقدا خۆی سەپاند، ئیدی لەو سۆنگەیەوە نیشتمانپەروەرانی کورد دامەزراندنی پارتێکی لەم شێوەیەیان بە وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ دەدایە قەڵەم، ئەنجام هەر یەك لە: مەلا مستەفای بارزانی، هەمزە عەبدوڵلا، میرحاج ئەحمەد، نووری ئەحمەد تەها (١٩٣٢ -١٩٩١)، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحموود قودسی، خیروڵلا عەبدولکەریم (١٩١٢-١٩٤٧)، عیزەت عەبدولعەزیز (١٩١١-١٩٤٧) لە زستانی ١٩٤٦ لە مەهاباد هەنگاوی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد- یان نا و پێڕەو و پرۆگرامیان نووسی و کەوتنە چالاکی و دواتریش هەمزە عەبدوڵلایان بۆ باشووری کوردستان ناردەوە[٣].

به جیاواز لە وانەشدا جەلال تاڵەبانی دەڵێت:" **مامۆستا حەمزە عەبدوڵلا لە ئێران بیرۆکەی پێکهێنانی حزبی دیموکراتی پێشڕەوی لە کورستانی عێراق گەلاڵە کرد لەسەر فۆرم و شێوەی حزبی دیموکراتی کوردستان – ئێران بە ڕێکەوتن لەگەڵ بەرێزان میرحاج ئەحمەد و موستەفا خۆشناو و سەید عەزیز شەمزینی و هەندێك لە نیشتمانپەروەرانی کوردەکانی تر بۆ ئەمەش دەستەیەکی دامەزرێنەریان پێکهێنا بە سەرۆکایەتی فەخری مەلا مستەفای بارزانیی"**[٤].

مەسعود بارزانیش نووسویەتی:"**بارودۆخی کوردستانی ئێران بە گوڕانکارییە لە بارەکانیەوە بیری (لێژنەی ئازادی)ی لەمەڕ چارەنووس و جووڵانەوەی کوردایەتی لە کوردستانی عێراقدا خاو نەکردەوە. بە تایبەتی پاش**

(١) دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلا، ئامادەکردنی: سەدیق ساڵح و عەبدولرەقیب یوسف، سلێمانی، (تشرینی یەکەمی ١٩٩٨)؛ من اوراق المناضل حمزة عبدالله، تقدیم وتعلیق، محمد ملا عبدالکریم،"مخطوطة توجد نسخة منه بحوزة الباحث".

(٢) بەکر عەبدولکەریم حەویزی( رەئیس بەکر)، گەشتێك بە کۆماری مەهابادا، چاپی دووەم، (هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠١)، ل ٣٧.

(٣) علی عبداللە، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی، (بێ شوێنی چاپ، ١٩٦٨)، ل ٤٤.

(٤) جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی: ح – أ، (سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، ٢٠١١) ل ١٣٥.

**تاقیکردنەوەکەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو ئەزموونانەی لە شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان وەدەست هاتبوون بە ئاشکرا دەریان خست، ئەم قۆناخەی ئێستا دامەزرانی حزبێکی سیاسی لە کوردستانی عێـراق بـە شـێوەیی حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران بـە پێویسـت دادەنـێ، بۆیـە پـاش لێکۆڵینـەوە و لێکدانەوەیەکی قووڵی باری ناوچەکە لە ئێستا و پاشە ڕۆژ، بارزانی لەگەڵ هاوڕێ ئەفسـەرە نیشـتمانییەکانی ئەندامانی لێژنەی ئازادیدا بڕیاریان دا بە دامەزراندنی حزبێك، ...، ئەم بۆچوونە لە دواییەکانی مانگی شوباتی ١٩٤٦دا گەڵاڵـە کـرا".** نـاوبراو لەسـەر بابەتەکـەی بـەردەوام دەبێـت و دەنووسـێت:" **بـارزانی لەگـەڵ تێکۆشـەران (پارێزەر، هەمزە عەبدوڵڵا، نەقیب میرحاج ئەحمـەد، عەقیـد روکـن عیـزەت عەبدولعـەزیز، نـەقیب مسـتەفا خۆشناو، نەقیب خەیروڵڵا عەبدولکەریم، مولازم محەمەد مەحمووود قودسی، مولازم نووری ئەحمەد تـەها)دا کۆبووەوە و یەکەمین بەردی بناخەی پارتی دیمـوکراتی کوردیـان دانـا، ئـەمجا خـەریکی چەسـپاندنی پـەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆکەی بوون"**[٥].

هەرچەند سەرچاوەکان لە زانیارییە سەرەتاییەکان جیاوازن، بەڵام لە بابـەتی گەڕانـەوەی هـەمزە عەبـدوڵڵا بـۆ باشووری کوردستان و گفتوگۆکردن لەگەڵ سـەرکردایەتی هـەر یـەك لـە پـارتی کۆمۆنیسـت لـە کوردسـتانی عێـراق (شـۆڕش) و پـارتی ڕزگـاری[٦] بـە مەبەسـتی ئامادەباشـی بـۆ بەسـتنی یەکـەمین کـۆنگرەی پـارتی دیمـوکراتی کـورد هاوڕان. بەمەش پارتی دیموکراتی کورد لە ١٦ی ئـابی ١٩٤٦ لـە شـاری بەغـدا یەکـەمین کـۆنگرەی خـۆی دەبەسـتێت، کە تێدا دوای پەسەندکردنی پێڕەو و پرۆگرامەکەی، ئینجا هەڵبـژاردن بـۆ ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی ئـەنجام دەدرێت و دواتریش ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دیاری دەکرێن[٧].

یەکێك لە ڕاسپاردەکانی یەکەمین کۆنگرە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بوو وەك ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد، بەمەش لە ٢ی ئەیلولی ١٩٤٦ یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (ڕزگاری) بە زمانی عەرەبی دەردەچێت. ڕۆژنامەی ڕزگاری لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی مێژوویی بینووە لە بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و دیموکراتی ڕاستەقینەدا، بەمەش ببوو بە سەکۆی ڕاگەیاندنی هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کورد لە بەرانبەر ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی باشووری کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا [٨]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کورد، سەرەتای چالاکییەکانی بریتی بوون لە هەوڵدان بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی

(٥) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، بەرگی یەکەم ، ( بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٢)، ل ١٨٧.

(٦) بۆ زانیـاری زیـاتر لـە مـەڕ پـارتی شـۆڕش و پـارتی ڕزگـاری بڕوانـە: ب. هـەوراز، کورتـە لێکۆڵینەوەیـەك لـە مـەڕ دامەزرانـدن و هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕش و ڕزگاری لە کوردستانی باشوور، ( بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٣) ل ل ٩—٢٩.

(٧) علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق ...، ل ل ٥٢-٥٣؛ نـوري شـاویس، مـن مـذکراتي، (دون مکـان وسـنة طبـع)، ص ص ٤١-٤٢؛ حبیب محمد کریم، تأریخ الحزب الـدیمقراطي الکوردسـتاني- العـراق( في محطات رئیسیة)١٩٤٦-١٩٩٣، الطبعـة الاولی، (دهۆك، مطبعة خەبات، ١٩٩٨)، ص ص ٣٤-٣٥.

(٨) بـۆ زانیـاری زیـاتر لـە مـەڕ ڕۆژنامـەی ڕزگاری بڕوانـە: سـدیق سـاڵح و ڕەفیـق سـاڵح، ڕۆژنامـەوانیی نهێنـی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان – عیراق ١٩٤٦- ١٩٥٨، ( سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠١١)؛ نەوشیروان مسـتەفا ئـەمین، بـە دەم ڕێگاوە گوڵچـنین، چـەند لاپەڕەیەك لە مێژوی ڕۆژنامەوانی ی کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨، کتێبی دوەم، بەرگی یەکەم، (بیـروت، دار العربیـة للعلوم ناشـرون، ٢٠١٣)، ل ل ٥٨٩-٥٩٩؛ وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٩٦، ( دهـۆك، چـاپخانەی خـەبات، بـێ سـاڵی چاپ)، ل ١٤.

ڕێکخستنەکانی شۆڕش و ڕزگاری لە ناو ڕێکخستنە تازەکەدا، بەمەش لە ماوەیەکی کەمدا توانیان سنووری چالاکییەکانیان بگەیێنە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان(٩).

٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ کۆماری کوردستان لە مەهاباد کۆتایی هات، بەمەش بەشی زۆری کوردەکانی باشووری کوردستان گەڕانەوە بۆ عێراق، لە بەرانبەریشدا حکومەتی عێراق هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی توندی نواند و لە تەلبەندی کردن. پاشان بارزانییەکان گواسترانەوە بۆ خوارووی عێراق، هەروەها ئەفسەرە پلەدارەکان و پیاوە دیارەکانی خستە زیندانەوە، جیا لە وانەش لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ هەر یەك لە: خەیروڵڵا عەبدولکەریم، محەمەد قودسی، عیززەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناوی لە سێدارەدا(١٠). پارتی دیموکراتی کوردیش لە کاردانەوەیەکدا لە دژی لە سێدارەدانی ئەم چوار ئەفسەرە، کە لە دەستەی دامەزرێنەر بوون کەوتە چالاکییەوە، بۆ ئەو مەبەستەش لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان خۆپێشاندان ئەنجام درا(١١).

ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی جۆرێك لە کرانەوەی سیاسی لە عێراق هاتە پێشەوە، لەم چوارچێوەیەشدا ژمارەیەك پارتی سیاسی بە شێوەی ئاشکرا مۆڵەتی کارکردنیان پێدرا. لێرەشدا بە مەبەستی یەکخستنی هەوڵەکانیان پارتی دیموکراتی نیشتمانی، پارتی گەل، پارتی یەکێتی نیشتمانی، پارتی ئازادیخوادان کە بە ئاشکرا کاریان دەکرد(١٢)، لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی دیموکراتی کورد هەوڵەکانیان چڕکردەوە(١٣). لە بەرانبەردا حکومەت بە شێوەیەکی توند کەوتە چاودێری چالاکییەکان، لێرەشدا پارتی دیموکراتی کورد بۆ ئەوەی خۆی لە دەزگاکانی حکومەت بپارێزێت ناچار بوو شوێنی سکرتێر و چاپخانەکەی لە بەغداوە بگوازێتەوە سنووری سلێمانی، بەڵام دەبێت ئەوەش بووترێت ئەو هەنگاوەی پارتی دیموکراتی کورد نەیتوانی ببێتە بەربەست لەبەردەم ئاشکرابوون و گیرانی ڕێکخستنەکانی، ئەگەر بزانیین لەم ماوەیەدا ژمارەیەك کادیری باڵای گیران و خرانە کونجی زیندانەکانەوە(١٤).

(٩) د. عبدالفتاح علي البوتاني، الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦-١٩٥٨، ( اربيل، ٢٠٠٣)، ص ص ٣٢٦ - ٣٢٩؛ مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق ١٩٤٥-١٩٥٨، (سلێمانی، سەنتەری لیکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، ٢٠٠٥)، ل ل ١٢٥-١٢٦.

(١٠) کریس کوچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست، وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم، (هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران، ٢٠٠٣)، ل ٢٤٧.

(١١) د. اسماعيل شكر رسول، اربيل دراسة تأريخية في دورها الفكري و السياسي ١٩٣٩-١٩٥٨، (السليمانية، مطبعة بينايي، ٢٠٠٥)، ص ص ٢٨٥-٢٨٨؛ دکتۆر شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوای نەتەوەی کورد لە عێراقدا ١٩٤٦-١٩٧٥، وەرگێڕانی: سوارە قەڵادزێی، (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٣)، ل ١٣٢.

(١٢) بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ ئەو پارتانە بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عیراق، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٠)، ل ل ١٣٤-١٤١؛ محەمەد فاتیح، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عیراقییەکان ١٩١٠-٢٠١٠، (سلێمانی، ٢٠١٢)، ل ل ٥٠-٥٥.

(١٣) د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٩)، ص ص١٦٥-١٦٦؛ صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، (بيروت، مؤسسة البلاغ للطبعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠١)، ص ٥٦.

(١٤) توانا ڕەشید کریم، سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨) لێکۆڵینەوەیەك لە بارۆدۆخی سیاسیی و ڕۆشنبیری، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢)، ل ٩٤.

ساڵی ١٩٤٨ حکومەتی عێراق پەیماننامەیەکی نوێی لەگەڵ حکومەتی بریتانیا واژۆ کرد، کە بە پەیماننامەی پۆرتسمۆس ناسراوە[(١٥)]. بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی ئەو پەیماننامەیە لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق دەنگی نارەزایی لێکەوتەوە، بەمەش لە زۆربەی شار و شارۆچکەکاندا خۆپێشاندا لە دژی ئەنجامدرا. ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورد لە شارەکانی هەولێر، کەرکووک، سلێمانی، کۆیە و بەغدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە هاندانی خەڵك بۆ بەشداربوون لە خۆپێشاندان و بەرزکردنەوەی دروشم لە دژی پەیماننامەکە[(١٦)].

شایەنی باسە، بەردەوامی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورد لەسەر کار و چالاکییەکانیان لە لایەك و، چاودێری و گەڕانی دەزگاکانی حکومەتی عێراق لە لایەکی دیکە، دەستگیربوونی سەرکردە باڵاکانی لێکەوتەوە، کە لە نێویاندا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەبوو، ئەمانەش بە سەرەتای دەرکەوتنی ناکۆکییەکان و دواجار لەتبوونی ڕێکخستنەکانی لێکەوتەوە، کە لە باسی دووەم بە وردی باسی هۆکارەکانی لەتبوونی ڕێکخستنەکان بە گشتی و جیابوونەوەی باڵی پێشکەوتوو بە تایبەتی دەکەین.

### باسی دووەم: سەرەتای دەرکەوتنی ناکۆکییەکان و ڕاگەیاندنی بەرەی پێشکەوتوو

ساڵی ١٩٤٩ ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورد ڕووبەرووی شاڵاوێکی بەرفراوانی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی حکومەتی عێراق بوونەوە، کە تێدا هەر یەك لە: ڕەشید عەبدولقادر (١٩٢٣-٢٠٠٥)، عەونی یوسف (١٩٠٨-١٩٨٨) و ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤-٢٠٠٠) دەستگیر کران. بەم هۆیەشەوە ساڵح یوسفی (١٩١٨-١٩٨١) و ڕەشید باجەلان (١٩٢٠-٢٠٠١) ناچار دەبن لە چالاکییەکاندا خۆیان دوورە پەرێز بگرن. ئەنجام شانەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی بەغدا، موسڵ، هەولێر و سلێمانی سستیان تێدەکەوێت. جگە لە وانەش بە هۆی ناکۆکییەکانی نێوان هەمزە عەبدوڵڵا و شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود (١٩١٧-١٩٧٢) و دوورکەوتنەوە شێخ لەتیف لە کاری حیزبی[(١٧)]، هەمزە عەبدوڵڵا بە تەنیا دەمێنێتەوە و کارەکانی بۆ نابرێت بەڕێوە[(١٨)]. لێرەشدا یەکێك لە توێژەرەکان پێی

---

(١٥) بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ پەیماننامەکە بڕوانە: خالد صبحي أحمد الخيرو، السياسة الخارجية العراقية بين ١٩٤٥-١٩٥٣، (بغداد، ١٩٥٦)، ص ص ٢٦٥-٢٦٦؛ د. كمال مظهر احمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر دراسة تحليلية، (بغداد، منشورات مكتبة البدليسي، ١٩٨٧)، ص ص١٣٣-١٤٣.

(١٦) نوري شاويس، من مذكراتي، ص ص ٥٥-٥٦؛ کاکی کاکان، مرۆڤ و ڕوناکبیر و شۆڕشگێر، بەرگی یەکەم، خەباتی ساڵانی ١٩٢٤-١٩٦١، (هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ١٩٩٨)، ل ل ٦٩- ٧٩؛ جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی دووەم، (هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٠٨)، ل ل ١٧١-١٧٧؛ دڵشاد مەحموود عەبدوڕڕەحمان، کەرکووك لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی فیکری و سیاسی (١٩٣٢-١٩٥٨)، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، (زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی مێژوو، ٢٠٠٦)، ل ل ١٥٣- ١٥٩.

(١٧) نامەی مام جەلال بۆ مەلا مستەفای بارزانی و میرحاج ئەحمەد لە ١٩٥٥/١٠/٥ وەرگیراوە لە: (مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم، ١٩٣١-١٩٥٨، ل ٤٥٠)؛ علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق ، ل ٦٩.

(١٨) فەرید ئەسەسەرد، ڕەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهانی، (سلێمانی، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٢)، ل ٤٨؛ ئاشنا عەلی محەمەدئەمین، هەمزە عەبدوڵڵا و ڕۆڵی لە بزافی ڕزگاریخوازی کوردستاندا لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، (زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی مێژوو، ٢٠١٤)، ل ل ٦٨ -٦٩.

یەکەمین لێژنەی مەرکەزی پارتی دیموکرتی کورد کۆتایی پێدێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەندامەکانی بە هۆی زیندانی و دوورکەوتنەوەیان دەستبەرداری کارەکانیان دەبن[١٩].

کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٩ هەمزە عەبدوڵڵاش دەستگیر دەکرێت، ئیدی دەنگی ناڕەزایی لە ناو ڕێکخستنەکان بەگشتی و ڕێکخستنەکانی بەغدا بەتایبەتی بەرز دەبێتەوە، لێرەشدا بەمەبەستی باشترکردنی ڕەوشی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کورد کار بۆ ئەنجامدانی کۆنگرە دەکرێت، بەڵام لە بری ئەنجامدانی کۆنگرە، کۆنفرانسێك دەبەسترێت و تێدا کۆمیتەی مەرکەزی نوێ دیاری دەکرێت، کە پێکدێن لە: عەلی عەبدوڵڵا، عەونی یوسف (تازە لە زیندان ئازاد ببوو)، عەلی حەمدی، مستەفا کەریم، ساڵح ڕوشدی[٢٠] و محەمەد موسا سادق[٢١].

هەمزە عەبدوڵڵا دوای سێ مانگ و نیو لە زیندان ئازاد دەبێت و بەسەر ئەنجامی ئەو کۆنفرانسەدا دێتەوە. بەمەش لەگەڵ کۆمیتەی مەرکەزی تازەدا دەبێتە ناکۆکییان و دواجار کۆمیتەی مەرکەزی بڕیاری هەڵپەساردنی ئەندامێتی هەمزە عەبدوڵڵا دەدەن[٢٢]. بڵاوبوونەوەی ئەم دەنگوباسە دەنگی ناڕەزایی لێژنەی ناوچەی کۆیە و دواتریش لێژنەی ناوچەی سلێمانی لێدەکەوێتەوە. ئیدی لێرەوە ناکۆکی لە ناو پارتی دیموکراتی کورد لە نێوان باڵی هەمزە عەبدوڵڵا و باڵی ساڵح ڕوشدی بە دوایی خۆیدا هێنا[٢٣]. جێگای خۆیەتی ئاماژ بۆ ئەوە بکەین

---

(١٩) دکتۆر شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوای نەتەوەی کورد ....، ل ١٣٥.

(٢٠) ساڵح ڕوشدی، کوری تاهیری موفتی ئامێدییە، ساڵی ١٩٢٦ لە ئامێدی لە دایکبووە، سەرەتایی لە ئامێدی و ناوەندی لە سلێمانی و دواناوەندی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥١ کۆلێژی یاسای تەواوکردووە، ناوبراو لە کۆتایی چلەکان بەرپرسی ڕێکخستنەکانی مووسڵ بووە، دواتر لە ڕێکخستنەکانی بەغدا کاری کردووە، ساڵح ڕوشدی یەکێك بووە لە دەنگە ناڕازییەکانی ناو پارتی دیموکراتی کورد. ساڵی ١٩٥٣ ناوبراو لە کەرکووك دەستگیر دەکرێت، تا بە لێبووردنی گشتی ئازاد دەبێت. ساڵی ١٩٦٣-١٩٦٥ لە لوبنان دەبێت، دواتر دەچێتە سعودیا و ساڵی ١٩٩٠ خانەنشین دەبێت، ئیدی دەچێتە ئەمریکا و لەوێدا دەمێنێتەوە و ساڵی ١٩٩٩ بە ڕووداوی هاتوچۆ کۆچی دوایی دەکات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: موسەدەق تۆفی، گۆڤارا رۆناهی ١٩٦٠-١٩٦٢، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤)، ل ل ١٣٠-١٣١؛ عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بەشێك لە یاداشتەکانم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی حەمدی، ٢٠٠٦)، ل ١٧٨؛ دیمانەیەك لەگەڵ وەفا ساڵح ڕوشدی، ئامادەکردنی: فوئاد ڕەوەند، (دهۆك، ١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦)؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئیحسان موفتی، ئامادەکردنی: فوئاد ڕەوەند، (دهۆك، ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦).

(٢١) مام جلال، ((هەمزەیی)) و ((صاڵحی)) لە ناو پارتی دا، گۆڤاری (خاك)، ژمارە (٢٠)، ساڵی دووەم، (سلێمانی، ١٠/ شوبات / ١٩٩٩)، ل ٨؛ مام جەلال، لە یادی کوردپەروەری هەولێر (عەونی یوسف)دا، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٧٣٣)، هەولێر، ١٩٩٤/٧/١٧. شایەنی باسە، هەمزە عەبدوڵڵا لە دیمانەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە جێگای ئەودا عەونی یوسف، لەم کۆنفرانسە کراوەتەوە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی. دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا، ئامادەکردنی: سەدیق ساڵح و عەبدولرەقیب یوسف، سلێمانی، (تشرینی یەکەمی ١٩٩٨).

(٢٢) د. دلیر احمد حمد، حمزة عبدالله دوره في تأسیس الحزب الدیمقراطي الكوردي- العراق و تطویره (١٩٤٦-١٩٥٣)، مجلة (K٢١)، العدد(٢١)، (اربیل، ٢٠١٤)، ص ٣٦٤؛ توانا رەشید کریم، سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)، ل ل ٩٤- ٩٥.

(٢٣) مام جلال، ((هەمزەیی)) و ((صاڵحی)) لە ناو پارتی دا، ل ٨. شایەنی باسە، گروپەکەی ساڵح ڕوشدی پێکهاتبوون لە: ساڵح ڕوشدی، مستەفا کەریم، سوبغەتوڵڵای مزوری و چەند ئەندامێکی تر لە موسڵ، ١٠- ١٢ ئەندامی لیژنەی ناوچەی کەرکووك، ژمارەیەك لە ڕێکخستنەکانی بەغدا، لە هەولێر عەلی مەحمود کاکەخان، ئەحمەد کوڕی عەلی ئاغا، حەمە ڕەشید عەلی و ژمارەیەکی دیکە بوون. دواتر جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند و بەشداری کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کورد - یان نەکرد، بەمەش ماوەیەك لە ژێر ناونیشانی لیژنەی ناوچەی دووی پارتی دیموکراتی کورد — عێراق کاریان کردووە، بەڵام بە هۆی گیرانی ساڵح ڕوشدی ساڵی ١٩٥٣ و گەڕانەوەی بەشێك لە هەوادارانیان بۆ ناو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورد چالاکییەکانیان بەردەوام نەبوو. بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ گروپەکەی ساڵح ڕوشدی و چالاکییەکانیان بڕوانە: نامەی مام جەلال

کرۆکی ناکۆکییەکان هیچ هۆکارێکی سیاسی و فیکری لە دواوە نەبووە، بەڵکو سەرەتاکەی لە گلەیی و گازاندە لە سیتسی کارەکانی هەمزە عەبدوڵڵا و باش کارنەکردنی دەستیپێکرد، پاشان تۆمەت بەخشینەوەشی بە دوایی خۆیدا هێنا[٢٤]. ئەگەرچی هیچ یەك لە تۆمەتەکان بنەما و بەڵگەی پێویستی لەگەڵدا نەبووە.

١١ی مارتی ١٩٥١ ئیبراهیم ئەحمەدیش لە زیندان ئازاد دەبێت، بەمەش بە هۆی ئەوەی لە دەمی زیندانبوونی ناوبراودا دەنگی ناڕەزایی ڕێکخستنەکان دەگوازرێنەوە بەندیخانە، بەم هۆیەوە زەمینەسازی بۆ بەستنی کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کورد دەکرێت[٢٥]. کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کورد ١٢ – ١٣ی مارتی ١٩٥١ لە بەغدا لە ماڵی عەلی حەمدی دەبەسترێت، بێ ئەوەی هەمزە عەبدوڵڵا ئاگاداری پێشینەیی لەسەر بەستنی کۆنگرەکە هەبێت. ئەنجام کۆنگرە ژمارەیەك ڕاسپاردە و بڕیار دەدات، یەکێك لە وانە دوورکەوتنەوەی هەمزە عەبدوڵڵا دەبێت لە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیدا[٢٦].

دوای بەستنی کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کورد، هەمزە عەبدوڵڵا ماوەیەك لە سلێمانی دەبێت، بەڵام ئەو ماوەیە درێژە ناکێشێت، بەڵکو پایزی ١٩٥١ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی لە سلێمانی دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی مووسڵ دەکرێت. ڕەوانەکردنی بۆ مووسڵ بەمەبەستی ڕادەستکردنەوەی ناوبراو دەبێت بە تورکیا. لێرەشدا ئەگەرچی هەمزە عەبدوڵڵا ڕەوانەی زاخۆ دەکرێت و ڕادەستی دەزگای ئەمنییەکانی تورکیا دەکرێت، بەڵام هەموو ئەو ڕووداوانە تەنیا پازدە ڕۆژێك دەخایەنێت و ناوبراو دەربازی دەبێت و دەگەڕێتەوە مووسڵ. بە گەڕانەوەی بۆ مووسڵ هەمزە عەبدوڵڵا پێوەندی دەکات بە بەشێك لە ڕێکخستنەکان، بەمەش بە پاڵپشتی محەڕەم محەمەدئەمین[٢٧]، شەهاب شێخ نووری[٢٨]، حەمە کەریم فەتحوڵڵا[٢٩] لە ڕێکخستنەکانی سلێمانی[٣٠]،

---

بۆ مەلا مستەفای بارزانی و میرحاج ئەحمەد، ١٩٥٥/١٠/٥؛ مەلا عەولای حاجی سمایل، سەربردەی ژیانی سیاسیم، بەرگی یەکەم، (بەغدا، چاپخانەی ئەرڕەشاد،١٩٩٠)، ل ٢٨؛ فەرید ئەسەسەرد، رەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ل ل ٨٠-٨١؛ بارتی دیموکراتی کورد- عراق لجنة المنطقة (٢)، الحزب الثوري بين المنهج و الكفاح، الحلقة الاولى من سلسلة الثقافية الثورية، ١٩٥٢/٦/٧؛ بارتي ديموكراتي كورد- عراق لجنة المنطقة (٢)، نحن الانتخابات المقبلة، ١٩٥٢/٦/١٣؛ بارتي ديموكراتي كورد- عراق لجنة المنطقة (٢)، نحن و الجبهة الوطنية المتحدة، ١٩٥٢/٦/٢٦؛ بارتي ديموكراتي كورد- عراق لجنة المنطقة (٢)، نحن و الوزارة الجديدة، ١٩٥٢/٧/١٤؛ بارتي ديموكراتي كورد- عراق لجنة المنطقة (٢)، الحزب الثوري و الجماهير الكادحة، الحلقة الثانية من سلسلة الثقافية الثورية، ١٩٥٢/٧/١٥؛ بارتي ديموكراتي كورد- عراق لجنة (١) المنطقة (٢)، ثورة اكتوبر العظمى، ١٩٥٢/١١/٦.

(٢٤) نوري شاويس، من مذكراتي، ص٥٧؛ ئاشنا عەلی محەمەدئەمین، هەمزە عەبدوڵڵا و ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا...، ل ل ٦٩-٧٠.

(٢٥) حوسێن محەمەد عەزیز، پێنج کاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد)دا، چاپی سێیەم، (سلێمانی، چاپخانەی سیما، ٢٠٠٢)، ل ٢١؛ ئامانج حەسەن ئەحمەد، برایم ئەحمەد ١٩١٤-٢٠٠٠ ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیری گەلی کوردا، (سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩)، ل ل ١١٨-١١٩.

(٢٦) علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق ، ل ٧٠-٧١؛ د. جعفر عباس حميدي، التطورات و الاتجاهات السياسية الداخلية في العراق ١٩٥٣-١٩٥٨، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٠)، ص ٢٢٧.

(٢٧) محەڕەم محەمەد ئەمین، ساڵی ١٩٢١ لە سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٤٣ قۆناغی دواناوەندی تەواو کردووە، لەبەر تەنگوچەڵەمەی تایبەتی لە کۆلێژی یاسا دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە، دواتر لە بواری ڕۆشنبیری و سیاسیدا ڕۆڵی بەرچاوی بینوە. ٢٣ی تەمموزی ١٩٨٠ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ ڕۆڵی ناوبراو بڕوانە: محەڕەم محەمەد ئەمین، کۆبەرهەمە ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفییەکانی، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨)، ل ل ١٨ بە دواوە.

سوبغەتوڵڵای مزوری[٣١] لە ڕێکخستنەکانی مووسڵ و ژمارەیەك لە ڕێکخستنەکانی بادینان، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥١ مینبەرێك لە ژێر ناوی پارتی دیموکراتی کورد- عێراق بەرەی پێشکەوتوو ڕادەگەیەنن و دەکەونە چالاکییەوە[٣٢].

سەرچاوە مێژووییەکان هۆکاری ئەم لەتبوونەی پارتی دیموکراتی کورد، بە جیاواز باس لێوەدەکەن. ڕایەکیان بۆ جیاوازی فیکری دەگێڕێتەوە[٣٣]. لە بەرانبەر ئەوەشدا ڕاکەی تریان پێی وایە ناکۆکییەکان هیچ پێوەندی بە فیکرەوە نەبووە، بەڵکو ناکۆکی کەسی و گەلەکۆمەکی هەردوو باڵەکە بووە بەسەریەکترەوە[٣٤]. لێرەشدا بۆ ئەوەی ورتر لە زاری هەردوو کەسایەتی کاریگەری نێوباڵەکانەوە ڕاستی بابەتەکەمان دەست بکەوێت، دەبینین هەمزە عەبدوڵڵا خۆی ڕەتی دەکاتەوە ناکۆکییەکان لەسەر مەسەلەی فیکر بێت[٣٥]، هەروەها ئیبراهیم ئەحمەدیش

---

(٢٨) شەهاب شێخ نووری، ساڵی ١٩٣٢ لە سلێمانی لە دایکبووە، ناوبراو هەر زوو تێکەڵاوی ڕووداوە سیاسییەکان بووە، ساڵی ١٩٧٠ لە دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستان بەشداری کردووە، دواتر ڕۆڵی کاریگەری تێدا بینوە تا ئەوەی لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ لە سێدارە دەدرێت. بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ ڕۆڵی ناوبراو بڕوانە: د. ئەحمەد حەمەدئەمین، ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەك نموونە، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦)، ل ل ٥٣-١٤٩.

(٢٩) حەمە کەریم فەتحوڵڵا، ساڵی ١٩٣٣ لە سلێمانی لە دایکبووە، سەرەتایی و ئامادەیی لە وێ تەواو کردووە، دبلۆمی ئەکادیمیای زانستەکان و ئابووری سیاسی لە زانکۆی سۆفیا لە وڵاتای بولغاریا تەواو کردووە. ساڵی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی کردووە. جمال بابان، اعلام کرد العراق، الجزء الاول، (السلیمانیة، مطبعة شڤان، ٢٠٠٦)، ص ٧٤٢.

(٣٠) لە ناو ڕێکخستنەکانی سلێمانی بابا تاهیر شێخ جەلال، عەلی شەریف، جەلال عەزیز، قادر حاجی سەعید، قادر حاجی حوسێن و سەلامی دەلاك سەر بە بەرەی پێشکەوتوو بوون. توانا ڕەشید کریم، سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)، ل ٩٥.

(٣١) سوبغەتوڵڵای مزوری، ساڵی ١٩٢٦ لە دایکبووە، خوێندنی ئایینی خوێندووە، ناوبراو زوو تێکەڵاوی ڕووداوە سیاسییەکان بووە، بەمەش لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخستنەکانی پارتی لە مووسڵ بەشداری دیاری تێدا بێنوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جمال بابان، اعلام الکورد، الجزء الثاني، (السلیمانیة، مطبعة روون، ٢٠٠٩)، ص ص ٣٣٥-٣٣٧.

(٣٢) دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا، ئامادەکردنی: سەدیق ساڵح و عەبدولرەقیب یوسف، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ١٩٩٨؛ صلاح الخرسان، التیارات السیاسیة في کردستان العراق ...، ص٥٧؛ محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبیەتی لە کوردستانی باشووردا، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٤)، ل ١٩٧. شایەنی باسە، کریس کوچێرا، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە جیابوونەوەکە ساڵی ١٩٥٥ ڕوویداوە بەمەش کەوتۆتە هەڵەوە. کریس کوچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست، ل ٢٥١.

(٣٣) توانا ڕەشید کریم، سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)، ل ٩٦؛ جەمشید حەیدەری، لە چلەی ماتەمی تێکۆشەر مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا، گۆڤاری (بەربانگ)، ژمارە (١١٠)، (ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩)، ل ل ١٢-١٣؛ دیمانەیەك لەگەڵ مومتاز حەیدەری، (هەولێر، ٢٤ی ئەیلولی، ٢٠١٦).

(٣٤) د. عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیة في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، ص ص ١٧٥-١٧٦؛ کریس کۆچیرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست ، ل ٢٥١؛ ئەمجەد شاکەلی، سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەی نوێی چەپی کوردی( عیراق)، بەشی یەکەم، (www.kurdistannet.org، ٢٠٠٥)، ل ١٠؛ فەیسەڵ دەباغ، کێ زوڵمی لە هەمزە عەبدوڵڵا کردووە؟، ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٣٠٠٧)، (هەولێر، ٢٠٠٠/١/١٣)، ل ٣؛ صبغة الله المزوري/ الباواني، الذکری الرابعة لرحیل علم من اعلام الکورد قل مثیله لمرحلة تأریخیة هامة، مجلة متین، العدد ( ١١٧)، (دهۆك، ٢٠٠١)، ص ١٢٤.

(٣٥) دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا، ئامادەکردنی: سەدیق ساڵح و عەبدولرەقیب یوسف، (سلێمانی، تشرینی یەکەمی ١٩٩٨).

بابەتەکە بۆ نالێهاتوویی و بێ دەسەڵاتی و دەستەوەستانی هەمزە عەبدوڵڵا لە بەڕێوەبردنی پارتی دیموکراتی کورددا دەگێڕێتەوە[٣٦]. کەواتە بابەتەکە بە هیچ شێوەیەك پێوەندی بە فیکرەوە نەبووە.

شایەنی باسە، بەهۆی جیابوونەوەی باڵی ساڵح ڕوشدی و بەرەی پێشکەوتوو، باڵی ئیبراهیم ئەحمەد ناچار بوون هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ، لەم چوارچێوەیەشدا سەرەتا کەوتنە بچووکردنەوەی باڵی ساڵح ڕوشدی و زۆرێك لە هەوادارەکانی لێجیابوونەوە و گەڕانەوە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کورد – باڵی ئیبراهیم ئەحمەدەوە[٣٧]. بەمەش دوایی ماوەیەك بە هۆی دەستگیربوونی ساڵح ڕوشدی ڕەوتەکەی بەتەواوی هەڵوەشایەوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە بری ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ باڵی پێشکەوتوو، کەوتنە بەکارهێنانی شێوازێکی دبلۆماسیانە، بە ئامانجی ئەوەی هەمزە عەبدوڵڵا بە تەنیا بێڵنەوە، لەم چوارچێوەشدا جەلال تاڵەبانی کەوتە پێوەندیکردن بە لایەنگرانی هەمزە عەبدوڵڵا، دوایی چەند کۆبوونوەیەکی دوورودرێژ توانی تاڕادەیەك بارودۆخ و ناکۆکییەکان بڕەوێنێتەوە، بەڵام ئەو هەنگاوە هەر هێندە کاریگەری هەبوو، تا هەمزە عەبدوڵڵا ئاگاداربوویەوە، ئیدی ناوبراو بە هەوڵەکانی توانی متمانەی لایەنگرەکانی بە دەست بێنێتەوە[٣٨]. بەمەش باڵی ئیبراهیم ئەحمەدی بە تەواوی بێ ئومێدی کرد.

لە ڕاستیدا بێ ئومێدی بوون لە بەرەی پێشکەوتوو بەگشتی و هەمزە عەبدوڵڵا بەتایبەتی لە لایەن باڵی ئیبراهیم ئەحمەدەوە، وای کرد لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کورد، کە لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣ لە شاری کەرکووك گرێدرا، بڕیاری دەرکردنی هەمزە عەبدوڵڵا بدەن[٣٩]، هەروەها لە بڵاوکراوەیەکیشدا بە ناونیشانی "ڕێگای نوێ" بکەونە تانەوتەشەر لە هەمزە عەبدوڵڵاوە[٤٠].

ساڵی ١٩٥٢ بە هۆی مانەوەی هەمزە عەبدوڵڵا لە مووسڵ شتێکی ئەوتۆ لە بارەی چالاکییەکانی بەرەی پێشکەوتووە نازانرێت تەنیا ئەوەندە نەبێت، کە هەمزە عەبدوڵڵا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەیاننامەیان بە چاپ گەیاندووە و بڵاویان کردۆتەوە، هەروەها هەر لەم ساڵەش هەمزە عەبدوڵڵا بابەتێکی لە بارەی شۆڕشی بارزانی نووسیوە و لە گۆڤاری (المثقف) بڵاوی کردۆتەوە[٤١].

(٣٦) حوسێن محەمەد عەزیز، پێنج کاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد)دا، ل ٢١.

(٣٧) نامەی مام جەلال بۆ مەلا مستەفای بارزانی و میرحاج ئەحمەد، ١٩٥٥/١٠/٥.

(٣٨) فەرید ئەسەسەرد، ڕەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ل ل ٨١-٨٢. لە بارەی ئەو پێوەندی کردنەوە سوبغەتوڵڵا مزوری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەوڵەکان بۆ ئاشتبوونەوە بووە، بەڵام وادیارە ئەنجامی نەبووە. د. عبدالفتاح علي البوتاني، الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦- ١٩٥٦، ص ص ٣٣٤-٣٣٥.

(٣٩) حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني- العراق، ص ٤٩؛ دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٢)، ل ٦١٢.

(٤٠) مەلا عەولای حاجی سمایل، سەربردەی ژیانی سیاسیم، بەرگی یەکەم، ل٦٩.

(٤١) دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا، ئامادەکردنی: سەدیق ساڵح و عەبدولرەقیب یوسف، سلێمانی، (تشرینی یەکەمی ١٩٩٨). هەمزە عەبدوڵڵا شۆڕشی بارزان بە زمانی عەرەبی دەنووسێت لە پاشان محەرەم محەمەد ئەمین وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەرەم محەمەد ئەمین، کۆبەرهەمە ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفییەکانی، ل ل ٢٠١-٢٣٢.

ساڵی ١٩٥٣ هەمزە عەبدوڵڵا دەگەڕێتەوە سلێمانی، بەمەش چالاکییەکانیان زیاتر دەبێت ئەگەر بزانیین لەم ساڵەدا دەستیان بە دەرکردنی ڕزگاری[٤٢] کردووە و پێوەندیان بە ڕێکخستنەکانی سلێمانی، هەولێر، کۆیە، بەغدا بەستووە و ڕێنماییان بۆ لقەکان و لیژنە ناوخۆییەکان دەرکردووە و هەفتانە کۆبوونەتەوە[٤٣]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، هەر لەم سەروبەندە ڕیکخراوێکی تایبەت بە خوێندکارانیان لە ژێر ناونیشانی **"ڕێکخراوی قوتابیان لە کوردستانی عێراق"**دا دامەزراندووە، کە ئامانج تێدا بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوە بووە لە ڕێگای ناچارکردنیان بە ئامادەبوون لە وانەکان بە شێوەیەکی ڕێك و بەردەوام و ئامادەکردنی وانەکان بە شێوەیەکی باش و ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگاکان لە کەمتەرخەمی هەر مامۆستایەکدا. جگە لەوە ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ دروستکردنی بازنەی خوێندنەوە و ڕۆشنبیری بووە لە نێوان خوێندکاران بە ئامانجی سوود وەرگرتن لە یەکتری، هەروەها ئەم ڕێکخراوە ئامانجی دروستکردنی تیپی شانۆگەری، تیپی وەرزشی، مۆسیقا، گۆرانی و وێنەکێشان ... هتد هەبووە. ئەوە سەرباری ئەوەی مەبەستی بووە خوێندکاران لە ڕێگای لە چاپدانی بەیاننامەدا بیروڕاکانیان بگەیەنن[٤٤].

ساڵی ١٩٥٤ بەرەی پێشکەوتوو بیر لە پێوەندی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی دەکەنەوە، بە ئامانجی ئەوەی یارمەتی باشتریان هەبێت بۆ بەردەوام بوون لە تێکۆشان و لە چاپدانی ڕۆژنامە و کار و چالاکی دیکەیان، بەم هۆیەشەوە هەمزە عەبدوڵڵا سەرەتا ڕوو دەکاتە لای عەباس ئاغای سەرکەپکان تا ئەوەی یارمەتیان بدات ئاودیوی سنووری ئێرانیان بکات. حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٤ هەمزە عەبدوڵڵا بە هاوکاری یەکێك لە پیاوەکانی عەباس ئاغا لە ڕێگای وەرتێ بۆ دۆڵی خانەقا، سیدەکان، دۆڵی ڕۆستی، کیلەشین، لۆلان و ڕووباری گادەر دەگات بە دێی خۆڕاسپێ، لە وێشدا دەچێتە ماڵی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی شەمزینی، لە دەمی چوونی هەمزە عەبدوڵڵا، سەید عەبدوڵڵا لە تاران دەبێت، بۆیە لە ڕێگای هاوکارەکەیدا کاغەزێك بۆ هەر یەك لە سەید عەبدوڵڵا و دوکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم[٤٥] دەنێرێت، بۆ یەکەمیان داوای یارمەتی ئەنجامدانی سەفەرەکەی و بۆ دووەمیشیان داوای یارمەتی پارە دەکات. لێرەشدا هەر چەندە دوکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم یارمەتی مادی بۆ ڕەوانە دەکات، بەڵام سەید عەبدوڵڵا ڕەتی دەکاتەوە هاوکاریان بکات و داواشیان لێدەکات بە زووترین کات ناوچەکە بە جێبهێڵن. بێ ئومێدی بوون لە هاوکاری سەید عەبدوڵڵا، هەمزە عەبدوڵڵا دێنتێتە سەر بیری ئەوەی پێوەندی

(٤٢) بەرەی پێشکەوتوو (ڕزگاری) وەك زمانحاڵی خۆی بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرکردووە. لە ئێستاکەدا ئەم ژمارانەی لە بەردەستدان بریتین لە: ژمارە سێ کانوونی یەکەمی ١٩٥٣، ژمارە (چوار) کانوونی دووەمی ١٩٥٤، ژمارە (پێنج) مارتی ١٩٥٤، ژمارە (شەش) نیسانی ١٩٥٤، ژمارە (حەوت) تشرینی دووەمی ١٩٥٤.

(٤٣) دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا، ئامادەکردنی: سەدیق ساڵح و عەبدولرەقیب یوسف، سلێمانی، (تشرینی یەکەمی ١٩٩٨).

(٤٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پارتی دیموکراتی کورد – عراق الجناح التقدمي، منظمة الطلاب في كوردستان العراقية التابعة لپارتی دیموکراتی کورد – عراق، دون سنة الطبع.

(٤٥) جەعفەر محەمەد کەریم ساڵی ١٩١٠ لە شارەدێی زورباتییە سەر بە شارۆچکەی بەدرە لە پارێزگای کوت لە دایکبووە، ساڵی ١٩٣٦ کۆلێژی پزیشکی لە بەغدا تەواو کردووە. ناوبراو یەکێك بووە لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی هیوا و پارتی ڕزگاری. لە یەکەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کورد بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ساڵی ١٩٤٨ بە بیانوونی تەبەعییەتی بۆ ئێران ڕەگەزنامەی عێراقی لێوەرگیراوەتەوە و نەفی کراوە بۆ ئێران. ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کەریم شارەزا، خەباتگێری نەتەوەیی کورد د. جەعفەر محەمەد کەریم، قامووسی ناوە نەمرەکان، ئامادەکردنی: مومتاز حەیدەری، هێرش سنجاوی و کاروان قاسم، بەرگی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٤)، ل ل ٣٦-٣٧.

بکات بە فەتاح ئاغای هەرکی تا ئەوەی هاوکاری بکات و ڕەوانی لای ڕەشید ئاغای هەرکی بکات لە مەرگەوەڕ، لە وێشدا ڕەشید ئاغا تا پەرینەوە لە ڕووباری ئاراس هاوکاری بێت، بەڵام لە دەمی چوونی هەمزە عەبدوڵڵا بۆ لای فەتاح ئاغا و ڕەتکردنەوەی پێشکەشکردنی هاوکاری پێیان، هەمزە عەبدوڵڵا بەتەواوی بێ ئومێد دەبێت. بەمەش لە دوای دوو مانگ لە ئابی ١٩٥٤ دەگەڕێتەوە لای عەباس ئاغای سەرکەپکان[٤٦]. ئەنجام هەوڵەکە شکست دێنێت.

هەمزە عەبدوڵڵا لە ماوەی مانەوەیدا لای عەباس ئاغا بە هاوکاری ئەو پێوەندی دەکات بە ژمارەیەك لە ئاغاکانی ناوچەکە و هەوڵی ڕێکخستنیان دەدات[٤٧]، هەروەها هەوڵی دامەزراندنی لقێکی تایبەت بە عەشائیرەکان دەدات، کە ئامانج تێدا ڕاکێشانی عەشیرەتەکانی کورد بووە بۆ ناو کۆڕی خەباتی نەتەوەیدا، بەمەش دوای دامەزراندنی لقە عەشائیرییەکە، پێرەوێکی ناوخۆیان بۆ دەنووسێت و شێوازی کارکردنیان دیاری دەکرێت[٤٨].

١ی تەمموزی ١٩٥٥ بەرەی پێشکەوتوو لە بەیاننامەیەکدا کە ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی کردووە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە خەڵکانێك هەڵساون بە کارکردن بە پێچەوانەی پێرەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کورد، بەڵام ئەوان توانیویانە ئەو بەربەستانە ببڕن و لە کارەکانیان سەرکەوتوو بن. بۆیە لەم سونگەیەوە لە کارەکانیان بەردەوام دەبن، بەڵام بێ ئەوەی لەمە بەدواوە بەرەی پێشکەوتوو لەگەڵ ناویاندا بەکاربێنن، بەئامانجی ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی بە شێوەیەکی کاتی لە کارەکانی بەردەوام بێت تا ئەوەی زەمینەسازی بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم دێتە پێشەوە و کۆنگرە ئەنجام دەدرێت[٤٩].

کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٥ بەرەی پێشکەوتوو بە ئامانجی دروستکردنی پردی پێوەندی لەگەڵ پارتی گەل بە سەرکردایەتی عەزیز شەریف، و پارتی دیموکراتی نیشتمانی بە سەرکردایەتی عەبدولفەتاح ئیبراهیم و پارتی کۆمۆنیستی عێراق بە شێوەیەکی کاتی بارەگایان دەچێتە بەغدا، بەمەش هەر یەکە لە هەمزە عەبدوڵڵا و حەمە کەریم فەتحوڵڵا دەکەونە چالاکییەوە[٥٠].

لە ڕاستیدا، وێرای دروستبوونی ناکۆکی لە ناو پارتی دیموکراتی کورد و دواتریش دوولەتبوونی، بەڵام ئومێدی ئاشتبوونەوەی نزیکبوونەوە بوونی هەبووە. لەم چوارچێوەیەشدا کاتێك جەلال تاڵەبانی بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری لە کۆنگرەی لاوان دەکات و لە پەراوێزی ئەو کۆنگرەیە بە نامەیەك مەلا مستەفای بارزانی لە ڕەوشی ناوخۆی پارتی ئاگادار دەکاتەوە. مەلا مستەفای بارزانی دوو نامە

(٤٦) دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا، ئامادەکردنی: سەدیق ساڵح و عەبدولرەقیب یوسف، سلێمانی، (تشرینی یەکەمی ١٩٩٨).

(٤٧) میراز محەمەدئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی مەنگوڕی یادەوەرییەکانی شاعیر و مێژوونووس میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی (١٩١٠-١٩٨٨)، (سلێمانی چاپخانەی یاد، ٢٠٠٩)، ل ل ١١٨-١١٩. شایەنی باسە، عەبدوڵڵا پشدەری لە یادداشتەکانیدا بە وردی باسی پێوەندییەکانی هەمزە عەبدوڵڵا بە سەرۆك هۆزەکان دەکات، بەڵام لە مێژوویی دامەزراندنی لقە عەشائیرەییەکە کەوتۆتە هەڵەوە و بە ساڵی ١٩٥٧ لە قەڵەمیداوە، کە لە ڕاستیدا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٤ و سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٥ دامەزراوە. عبدالله احمد رسول پشدەری، یاداشتەکان لە کۆماری کوردستان، چاپی دووەم، (هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠٠٩)، ل ل ١١٣-١١٥.

(٤٨) کومیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد- عراق، پەیرەوی ناوەوەی لکی عەشیرەتەکانی پارتی دیموکراتی کورد –عراق، بێ ساڵی چاپ.

(٤٩) اللجنة المركزية المؤقتة پارتی دیموکراتی کورد- عراق، بیان الى شعبنا المناضل، ١٩٥٥/٧/١.

(٥٠) دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا، ئامادەکردنی: سەدیق ساڵح و عەبدولرەقیب یوسف، سلێمانی، (تشرینی یەکەمی ١٩٩٨).

**ئاراستەی هەر یەك لە ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵڵا دەكات و تێدا داوای ئاشتبوونەوە و هەوڵی یەكگرتنەوەییان لێدەكات. بەمەش ئەو دوو نامەیە دەبێتە هەوێنی دەستپێكردنی گفتوگۆ و هەردوولا ساڵی ١٩٥٦ یەكتر دەگرنەوە[٥١]. ئەنجام بە هاتنەوەی بەرەی پێشكەوتوو و دواتریش هاتنی كۆمۆنیستە كوردەكان و ژمارەیەك كادیر لە لقی كوردی ناو پارتی كۆمۆنیستی عێراق بۆ ناو پارتی. ناوەكەی دەبێت بە پارتی دیموكراتی یەكگرتووی كوردستان[٥٢].**

**جێگای ئاماژە بۆ كردنە، پارتی دیموكراتی كورد - عێراق بەرەی پێشكەوتوو، لە ماوەی كاركردنیدا (١٩٥١-١٩٥٦) بە بانگەشەكردن بۆ پێكهێنانی حكومەتێكی نیشتمانی و دیموكراتی، ئازادكردنی بەندكراوە سیاسییەكان، پێكهێنانی بەرەیەكی نیشتمانی، پشتگیری مانگرتنە كرێكارییەكان و ڕاپەرینە جوتیارییەكان، هەنگاونان بۆ كۆتایهێنان بە دەسەڵاتی كۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمی كاركردووە، ئەمەش بە ڕوونی لەم بەیاننامانەدا دەركەوێت كە وەك هەڵوێست لە بەرانبەر ڕووداوە ناوخۆیی و دەرەكییەكان دەری كردوون. لە باسی داهاتوودا بە وردی باسی لێوە دەكەین.**

**باسی سێیەم: هەڵوێستی بەرەی پێشكەوتوو بەرانبەر ڕووداو و پێشهاتە ناوخۆیی و دەرەكییەكان**

**وەك ئاماژەمان بۆكرد، یەكێك لە ئامانجەكانی بەرەی پێشكەوتوو دامەزراندنی بەرەیەكی نیشتمانی یەكگرتوو بوو لە نێوان پارتە سیاسییەكاندا. لەم پێناوەشدا لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٥٣ پێڕەو و پرۆگرامی ئەم بەرەیەی لە بەیاننامەیەكدا بڵاوكردۆتەوە و بە گەرمی بانگەشی بۆ كردووە[٥٣]، بەڵام كاتێك هەنگاوەكانی دامەزراندنی ئەو بەرەیە نەگەیشتۆتە ئەنجام، دەبینین لە ژمارە (سێ) ڕۆژنامەی (ڕزگاری) زمانحاڵیدا بەم شێوەیە شیكار بۆ هۆكارەكانی دانەمەزراندنی ئەو بەرەیە كردووە و نووسیویەتی:" ئەگەر بێت و باس لە هۆی ڕاستەقینەی پێك نەهاتنی ئەو بەرەیە بكۆڵینەوە، ئەبینین، وە نەبێ لەبەر ئەوە بووبێت كە ئەو سێ پارتیە ئاشكرایە (وە طنی دیموكراتی، جەبهەی شەعبی و ئیستقلال) هەستیان بە پێویستی پێكهێنانی نەكردبێ، بەڵكو بە ڕادەی یەكەم**

---

(٥١) دادگای مێژوو، دیالۆگێكە لە نێوان عەبدوڵڵا ئۆجەلان- برایم ئەحمەد و محەمەد ڕەسول هاوار، (بێ شوێن و ساڵی چاپ)، ل ٢٨؛ دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا، ئامادەكردنی: سەدیق ساڵح و عەبدولرەقیب یوسف، سلێمانی، تشرینی یەكەمی ١٩٩٨؛ محەمەدی مەلا كەریم، ڕچەشكێنێكی تری ڕێگای كوردایەتیی پێشكەوتخواز بەجێ هێشتین، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژمارە (١٣١)، (بەغدا، ١٩٩٩)، ل ل ١٠- ١١. شایەنی باسە، جەمال نەبەز ئاماژە بۆ ئەوە دەكات ساڵی ١٩٥٤ هەوڵی بۆ یەكگرتنەوەی ئەو دوو باڵەی داوە، بەڵام هەمزە عەبدوڵڵا ڕەتی دەكاتەوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەوە مەلا عەوڵای حاجی سمایل ئاماژە بۆ ئەوە دەكات لە دەمی یەكگرتنەوەی باڵەكان، لە ناو باڵی ئیبراهیم ئەحمەددا ڕاپرسی لە ناو ڕێكخستنەكان كراوە، ئەم زانیارییەش لە ناو سەرچاوەكانی دیكە پشتڕاست نەكراوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جەمال نەبەز، كوردستان و شۆڕشەكەی، وەرگێڕانی: كوردۆ، (بێ شوێنی چاپ، ١٩٨٥)، ل ١٨٢؛ مەلا عەوڵای حاجی سمایل، سەربردەی ژیانی سیاسیم، ل ١٨٠.

(٥٢) بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ پارتی دیموكراتی یەكگرتووی كوردستان بڕوانە: گەلالەی پەیڕەوی ناوخوی پارتی دیموكراتی یەكگرتووی كوردستان، بێ ساڵی چاپ.

(٥٣) بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ پێڕەوی ئامادەكراوەی بەرەی یەكگرتوونی نیشتمانی بڕوانە: پروگرامی بەرەی نیشتمانی یەك گرتوو، ڕۆژنامەی (ڕزگاری) ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كورد عراق، ژمارە (٣)، ساڵی هەشتەم، كانوونی یەكەمی ١٩٥٣، ل ل ١١-١٥؛ منهج الجبهة الوطنية المتحدة، جريدة (رزگاری) لسان پارتي ديموكراتي كورد – عراق، العدد(٣)، السنة الثامنة، كانون الاول ١٩٥٣، ص ص ٩-١٣.

**ئەگەرێتەوە بۆ سەر ئەو ڕاوەستانە ناشایستانەی بەرامبەر شۆڕشگێری میللەت گرتبوویان، لەگەڵ شێوەی سیاسەتیان لە بەربەرەکانیی چینی کاربەدەستدا ... وە لە تێ گەیشتنی هەندێ لە دەستە نیشتمانییەکان لە چۆنیەتی پێکهێنانی بەرەو سەرۆکایەتیکردنی ...**". بەمەش لەسەرە شیکارەکانی بەردەوام دەبێت و وای دەبینێت ئەو سێ پارتە ئاشکرایە ناوی هێناون ئەوەندە بە تەنگ ئەوە نەبووینە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی ڕووبەرووی دەسەڵات ببنەوە، بۆیە لە کاتی هاتنە پێشەوەی بارودۆخی لەم شێوەیە بە پارێزەوە مامەڵەیان کردووە، هەروەها وا وێنای دەکات سەرکردەکانی ئەو پارتانە بە تەواوەتی نا ئومێد نەبووبن لە دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق، بە بەڵگەی ئەوەی یادداشتیان پێشکەش کردوون، لەگەڵیان کۆبوونەتەوە و بڕوایان بە ئەنجامدانی چاکسازی هەبووە. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە ڕاوەستانی هەندێك لە نیشتمانپەروەرانی دیکە لە بەرانبەر بەرەی یەکگرتوودا، بە کورت بینی بۆ چۆنییەتی پێکهێنانی بەرەکە و سەرۆکایەتیکردنی لێکداوەتەوە، چونکە ئەم دەستەیە لە نیشتمانپەروەران وایان بینیوە یەکگرتنی خوێندکاران، کرێکاران و خەڵکی کاسبکار لە کاتی ڕووبەرووبوونەوەی حکومەتدا و یەکبوونی هۆتافەکانیان، بە دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیان زانیوە. ئیدی ئەم جۆرە لە بانگەشەیە بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی وای لە پارتە ئاشکراکان کردووە گومان و دوو دڵی لە چالاکی میللەت و دەستە نیشتمانییە شۆڕشگێرەکان بکەن[٥٤].

بە ئامانجی باشترکردنی بارودۆخی ناوخۆی عێراق و کپکردنەوەی دەنگە ناڕازییەکان، لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٥٣ کابینەیەکی نوێ حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی فازڵ جەمالی ڕاگەیەندرا، حکومەتی تازە هەوڵەکانی خۆی خستەگەر و کەوتۆتە بانگەشەکردنی ئەوەی مەبەستییەتی ڕەوشی عێراق لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەرەو باشتر ببات[٥٥]. لێرەشدا بەرەی پێشکەوتوو لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە ئاشنای ئەو پێشینەیە مێژوویەن و پەندیان لە ڕووداوەکان وەرگرتووە، بۆیە بە بەڵێنەکانی حکومەتەکەی فازڵ جەمالی هەڵناخەڵەتێن و بە حکومەتێکی نیشتمانی دانانێن، هەروەها پێیان وایە ئەم حکومەتەش وەك حکومەتەکانی دیکە ناتوانێت هیچ هەنگاوێك بەبێ پرسی باڵوێزخانەکانی بریتانیا و ئەمەریکا بهاوێژێت، بۆیە ڕووی دەمیان دەکەنە کۆمەڵانی خەڵك و دەڵێن:" **ئەی هاونیشتمانانی ئازادیخواز! بە کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بڵێن لەو ڕێیە لانادەین کە بە تەقەڵای سەختی خوێناویمان بریمان لە (٢٢) تشرینی دووەمی (١٩٥٢)دا ... بە کومەڵانی خەڵکی خۆشەویستی عێراق بڵێن بە ڕێی خەباتی میللی تاڵ و سەختدا بەرێوەین لەگەڵ کاروانی گشت میللەتانی عالەم ڕوەو دنیایەکی تری ڕوون و بەختیار. خوێن بەسەر خوێنی (٢٢) تشرینی دووەمدا ئەرێژین ... تا میللەت جلەوی حکومی خۆی ئەگرێتە دەست وە ئەو ڕووە ڕەشانەی لە**

(٥٤) بەرەی پارتیو دەستە دیموکراتییە نیشتمانیەکان پیویستیەکی نیشتمانی زور بە پەلەیە، ڕۆژنامەی (ڕزگاری) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد عراق، ژمارە (٣)، ل ل ٢-١٠؛ جبهة الاحزاب و المنظمات الوطنية الديموقراطية ضرورة عاجلة، منهج الجبهة الوطنية المتحدة، جريدة (رزگاری) لسان پارتی ديموكراتی كورد – عراق، العدد(٣)، ص ص ٢-٨.

(٥٥) بۆ زانیاری زیاتری لە مەڕ حکومەتەکەی فازڵ جەمالی بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء التاسع، الطبعة الخامسة، (دار الحياة، دون سنة الطبع)، ص ص ٥٣-٥٨.

**بازاڕی خیانەتکاریدا سەودایان بە حقوق و سەربەستی گەلەوە ئەکرد پاڵیان پێوە ئەنێین بۆ ناو سەرانگویلکی بێ ئابروی و دارزین..."**(٥٦).

ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی ١٩٥٣ کرێکارانی کۆمپانیای نەوت لە بەسرا لە بەرانبەر کەمی مووچەکانیان دەنگی ناڕەزاییان بەرزبوویەوە و داوای مافەکانی خۆیان کرد، لەم چوارچێوەیەشدا حکومەتی عێراق حەسەن عەبدولڕەحمان وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەوانە کرد تا لە نزیکەوە لەگەڵ نوێنەری کرێکاران کۆبێتەوە. حەسەن عەبدولڕەحمان لەگەڵ کرێکارەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن داواکارییەکانیان لە نووسراوێکدا بخەنە بەردەست بۆ ئەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکە گفتوگۆی لە بارەوە بکەن. کرێکارەکان لە یاداشتێکدا داواکارییەکانی خۆیان پێشکەشکرد، لە وەڵامدا بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا ڕەزامەندیان لەسەر زۆربەی داواکارییەکاندا، تەنیا بابەتی زیادکردنی مووچەکانیان نەبێت، بەمەش مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی لە بەسرا لێکەوتەوە(٥٧).

شایەنی باسە، مانگرتنی کرێکاران لە بەسرا حکومەتی عێراق بەگشتی و سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆی بەتایبەتی هێنایە سەرخت و هەنگاوگەلێکی توندیان لە بەرانبەر کرێکاران گرتەبەر. لێرەشدا وەك ناڕەزایی دەربڕین بەرەی پێشکەوتوو لە بەیاننامەیەکدا دەنووسێت:" **هاونیشتمانانی ئازادیخواز فاضل جەمالی وە ئەندامەکانی وەزارەتەکەی ڕەشترین پەرەی دوژمنایەتیان بەرامبەر مللەت خستەروو بەپشتوانی وەصی و نوری سەعید، فاضل جەمالی فەرمانی کوشتنی کرێکارەکانی نەوتی بەصرەی دا بە پۆلیس بە تەمای ئەوەی گوایا ئەو مانگرتنە (اضراب) قارەمانەیان پێ بشکێنێ کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر دەستیان پێ کردووە وە دەوامیان پێ داوە لە پێناو پاراستنی حقوقی خۆیان ... ئەو حقوقانەی شەریکەتی نەوتی ئیستعماری هەوڵ ئەدا بو سەلب کردنی زیاتر لە جاران. وە حکومەتی کۆنەپەرستی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر سەری شۆری شۆڕ ئەکا، بۆ ئەو شەریکەتەی بەشی هەر تالانکردنی سامانی گەلی بەشخوراوە"**(٥٨)، لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە دەبێت ئەو هەنگاوەی حکومەتی عێراقی هاندەر بێت لەسەر بەردەوامبوون لەسەر داخوازییەکان تا هێنانە دی گشت داخوازییەکانی میللەت، کە خۆی لە ڕووخانی حکومەتی فازڵ جەمالی و سزادانی ئەندامانی کابینەکەی، دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی دیموکراتی، هێنانەدی داخوازییەکانی کرێکارانی نەوتی بەسرا و گشت کرێکارانی عێراق، ئازادبوونی زیندانییە سیاسییەکان، لابردنی پەرلەمانی ساختە و هەڵگرتنی ئەحکامی عورفیدا، دەبینێتەوە(٥٩).

---

(٥٦) بەرەی پیش کەوتوی پارتی دیموکراتی کورد – عراق، ڕاپەرینەکەی مللەت لە تشرینی دووەمدا، ١٩٥٣/١١/٢٢؛ الجناح التقدمي پارتی دیموکراتی کورد – عراق، انتفاضة الشعب في تشرين الثاني، ١٩٥٣/١١/٢٢.

(٥٧) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء التاسع، ص ص ٦٩-٧٦.

(٥٨) بەرەی پیش کەوتوی پارتی دیموکراتی کورد- عراق، کوشتنی کریکارانی نەوت لە بصرە، ١٩٥٣/١٢/١٦.

(٥٩) الجناح التقدمي پارتی دیموکراتی کورد- عراق، قتل عمال النفط في البصرة، ١٩٥٣/١٢/١٦. شایەنی باسە، فازڵ جەمالی وێڕای ئەو ڕەخنانەی لێگیراون دەبینین لە سەردەمی کابینەی دووەمیشدا کە لە ٨ی مارتی ١٩٥٤ ڕاگەیاند، بەردەوام بووە لەسەر سیاستەکانی بە تایبەت بەرانبەر بە کورد. زانیاری زیاتر بڕوانە: محنة البازانيين، جريدە (رزگاری) لسان پارتی دیموکراتی کورد – عراق، العدد(٦)، السنة الثامنة، نيسان ١٩٥٤، ص ص ٢-٤.

شایەنی باسە، بەرەی پێشكەوتوو لە دەور و زەمانێكدا لە خەبات و تێكۆشاندا بووە، كە جیهان دابەشببوو بەسەر دوو بەرەی دژ بە یەكدا، كە ئەوانیش بەرەی ڕۆژهەڵات بە ڕابەرایەتی یەكێتیی سۆڤێیەت و بەرەی ڕۆژئاوا بە ڕابەرایەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بوو. بەرەی ڕۆژهەڵات و بەرەی ڕۆژئاوا زۆرێك لە وڵاتان و پارتە سیاسییەكانیان لە دونیا خستبووە چوارچێوەی ململانێیەكانیانەوە[٦٠]. لێرەشدا بەرەی پێشكەوتوو بۆ ئەوەی ئاگاداری سەنگی خۆی بێت لە بازنەی ئەو ململانێیەدا، لە بەیاننامە و نوسینەكانیدا خۆی بە لایەنگری بەرەی ڕۆژهەڵات داناوە[٦١]. لەم چوارچێوەیەشدا لە بەیاننامەیەكدا كە بۆ ساڵیادی كۆچی دوای ستالین (١٩٢٣-١٩٥٣) دەری كردووە ئەمە بە ڕوونی بە دیار دەكەوێت، چونكە تەواوی بەیاننامەكە بە گرنگ وەسفی یەكێتیی سۆڤێیەت و هەنگاوەكانی دەكات، بەوەشەوە ناوەستێت و دەنووسێت:" **بۆ بەرز ڕاگرتنی بیرەوەی ستالینی نەمر و بۆ جێ بە جێ كردنی ئامۆژگاریە بەهادارەكانی بە گەرم بانگتان ئەكەین بێنە ژێر ئالای پارتیمانەوە كە ڕێگای لینین و ستالینی گرتوتەبەر وە لە ژێر فەرماندەی ژەنەڕاڵ مصطفی بارزانیدا كۆببینەوە كە یەكێكە لە قوتابیانی ستالین بۆ ئەوەی لەگەڵ كاروانی گەلاندا بەرەو ڕزگاری نیشتمان و گەلمان بڕۆن، بەسەركردەی یەكیەتی سۆفیەتی و پارتیە كۆمۆنیستە مەزنەكەی**"[٦٢].

بەرەی پێشكەوتوو لە یاد و بۆنە نیشتمانییەكاندا ڕووی كردۆتە كۆمەڵانی خەڵك و داوای لێكردوون هەوڵەكانیان یەك بخەن لە پێناو بەدی هێنانی ئامانجەكانیان، لەم چوارچێوەیەشدا لە دوو بەیاننامەدا، كە بۆ یادی ڕاپەرینی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ دەری كردوون هەڵوێستەكانی بە ڕوونی بە دیار دەكەوێت كاتێك لە یەكەمیاندا نووسیویەتی:" **ئەی ڕۆڵە ئازادیخوازەكانی گەلەكەمان داواتان لێدەكەین سنگ بدەنە پێشەوە لەگەڵ ئێمەدا ... بۆ هەڵگیرساندنی جەنگێكی بێ وچان بۆ نەهێشتنی ئیمپریالیزم و پرۆژەكانی، بۆ لە ناوبردنی حكومەت و سیاسەتە دوژمنكارییەكەی، بۆ ڕووخانی سیستمی دەرەبەگایەتی، بۆ هەڵپێچانی دەزگای ئیحتكاری لە ڕیزی گەلدا، لە ڕیزی كرێكار و جوتیار و ڕۆشنبیرە ئازادیخوازەكان لە بەرەیەكی نیشتمانی یەكگرتوودا لە پێناو حكومەتێكی نیشتمانی دیموكراتیدا ...**" [٦٣]. ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەوە لە هی دووەمیان جەخت لەسەر خەبات و تێكۆشان لە دژی حكومەت و پەیوەندییە دەرەكییەكان دەكاتەوە، كە دیسانەوە سەركەوتنی ئەم هەنگاوە لە بەرەیەكی یەكگرتوودا چڕدەكاتەوە[٦٤].

---

(٦٠) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. ممدوح مصطفى منصور، الصراع الامريكي السوفيتي على الشرق الاوسط، ( المكتبة الدبولي، ١٩٩٥)، ص ص ٤٩ ومابعدها؛ بكر احمد يعقوب، ظهور امريكا كقوة عظمى و دورها في بلدان شرق الاوسط دراسة في التاريخ السياسي المعاصر، (اربيل، مطبعة شهاب، ٢٠٠٨)، ص ص ١٥٢-١٧٧.

(٦١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بێری خائین، ڕۆژنامەی (ڕزگاری) ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كورد- عێراق، ژمارە (٤)، ساڵی هەشتەم، كانوونی دووەمی ١٩٥٤، ل ل ٥-٨ ؛ بيريا الخائن، جريدة (رزگاری) لسان پارتی ديموكراتی كورد – عراق، العدد(٤)، السنة الثامنة، كانون الثاني ١٩٥٤، ص ص ٥-٧؛ ئەو هێزانەی كار ئەكەن لە پەنا كارەساتەكانی ڕوژهەلاتی ناوەڕاستدا، ڕۆژنامەی (ڕزگاری) ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كورد- عێراق ، ژمارە (٧)، ساڵی نۆیەم، تشرینی دووەمی ١٩٥٤، ل ل ١-٨.

(٦٢) بەرەی پیش كەوتوی پارتی دیموكراتی كورد – عراق، بیرەوەری پیشەوای مەزن ستالین، ١٩٥٤/٣/٥؛ الجناح التقدمي پارتی ديموكراتی كورد- عراق، ذكرى ستالين، ١٩٥٤/٣/٥.

(٦٣) الجناح التقدمي پارتی ديموكراتی كورد- عراق، انتفاضة الشعب في كانون الثاني ١٩٤٨، ١٩٥٤/١/٢٧.

(٦٤) كۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كورد- عراق، بە بۆنەی ڕاپەرینەكەی كانوونی دووەم، بانگی پارتی دیموكراتی كورد – عراق، ١٩٥٥/١/٢٦.

٣ی ئابی ١٩٥٤ نووری سەعید کابینەیەکی نوێی حکومەتی پێکهێنا، لەم چوارچێوەشیدا لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق کۆمەڵێك هەنگاوی گرتبەر، وەك: هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئابی ١٩٥٤و زەمینەسازی بۆ هەڵبژاردنی خوولێکی نوێی ئەنجوومەن لە ئەیلولی هەمان ساڵدا[٦٥]، ڕێگری کردن لە کار و چالاکی پارتە سیاسییەکان[٦٦]، واژۆکردنی پەیماننامەی بەغدا ساڵی ١٩٥٥[٦٧] و دەرچوون لە جامعەی عەرەبی[٦٨]. بەرەی پێشکەوتوو وەك دەربرینی ناڕەزایی لە بەیاننامەیەکدا لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٥٥ بە ناونیشانی "**ئێمە و سیاسەتی حکومەتی عێراق**" ئاماژەی بۆ ئەوەی کردووە ئەو هەنگاوانەی، کە حکومەتی نووری سەعید بە هاوکاری عەبدولئیلا هەنگاوی بۆ ناوە، بەرتەسککردنەوەی ئازادی ڕادەبرین و ئازادی کاری سیاسییە لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتدا. ئەوە لە لایەك، لەلایەکی دیکەوە هاتووە نزیکبوونەوەی عێراق و تورکیا و بەستنی پەیماننامە لەگەڵ تورکیا بە پێچەوانەی سەربەخۆیی عێراق و وەك لقێك لە پەیماننامەی ئەتڵەسی لە قەڵەمداوە. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە نووری سەعید هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەر لە پێناوی کشانەوەی عێراق لە جامعەی عەرەبیدا، ئەو هەنگاوەشی بە بیانوونی ئەوە بووە کوردەکانی عێراق سەر بۆ سیاسەتی حکومەت شۆڕناکەن، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت لە ناو بردنی گەلی کورد لە پێناو پارێزگاری کردنی دەوڵەتی عێراق پێویستە. لە بەردەوامی بەیاننامەکەدا بەرەی پێشکەوتوو ڕووی دەمی دەکاتە گەلی کورد و عەرەب لە عێراقدا و نووسیویەتی: "**ئێمە نازانین ئەو زوڵە کوردە چەپەڵانەی کە چەپڵەیان بۆ ئەم پیلانە لێدەدا و وەك کەو ئەیانخوێند بۆ ئەوەی براکانیان بکەن بە دەمی دوژمن ئێستاکە دەڵێین چی؟**". هەروەها نووسیویەتی پێڕەوکردنی سیاسەتی ئەم دواییەی حکومەت سەلماندی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، کە لە پێناو سەربەستی و کامەرانی گەلدا خەبات دەکات گرنگ و پێویستە، تا لەم ڕێگایەوە کورد و عەرەب خەباتی خۆیان یەك بخەن لە دژی ئیمپریالیزم و کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆی عێراق. ئینجا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پارتە نیشتمانییەکانی عێراقی، کە لە پێشوودا ڕەتی هاوپەیمانییەتیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کورد دەکردەوە، لە ئێستاکەدا دەبێت دەرسیان وەرگرتبێت و بە سیاسەتەکانیاندا بچنەوە، تا بە یەکەوە لە بەرەیەکی نیشتمانیدا هەوڵەکانمان یەك بخەین[٦٩].

---

(٦٥) ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا ١٩٢٥-١٩٥٨، (هەولێر، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب،٢٠٠٧)، ل ل ١٥-١٦.

(٦٦) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء التاسع، ص ص ١٤١-١٤٨.

(٦٧). د. تلار علي امين، موقف تركيا من القضية الكردية في العراق، (السليمانية، مطبعة البياني، ٢٠١١)، ص١٩٤ — ٢٠٦؛
Dr.Rifat Dr.BILâlN, Simsir, TÜRK –IRAK ILISKILERINDE TÜRKMENLER, (Istanbul, ٢٠٠٤), SS. ٥٦٥-٥٦٦;
UÇAROL, Siysi Tarihi ١٧٨٩_٢٠١٢, ٩.basım, (Istanbul, Der yayınları, ٢٠١٣), S.١٠١٨.

(٦٨) بۆ زانیاری زیاتر لە مەڕ پێوەندییەکانی نێوان عێراق و میسر لەم سەردەمە بڕوانە: وليد محمد سعيد الاعظمي، نوری سعيد و الصراع مع عبدالناصر، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٨)، ص ص ١٩-٢٠.

(٦٩) پارتی دیموکراتی کورد - عراق، ئیمە و سیاسەتی حکومەتی عراق، ١٩٥٥/٦/٩؛ پارتی دیموکراتی کورد - عراق، موقفنا من سياسة الحكومة العراقية، ١٩٥٥/٦/٩. جگە لەو بەیاننامەیە لە ڕۆژنامەی ڕزگاریش بە هەمان شێوە هێرشی کردۆتە سەر ئەم جۆرە لە سیاسەتەی بەتایبەت لە مەسەلەی پێوەندییە دەرەکییەکان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بين ميثاق سعداباد و الاتحاد العربي و حلف تركيا — پاکستان العسكرى، جريدة (رزگاری) لسان پارتی دیموکراتی کورد — عراق، العدد(٥)، السنة الثامنة، مارت ١٩٥٤، ص ص ٢-٤؛ حلف پاکستان و تركيا، جريدة (رزگاری) لسان پارتی دیموکراتی کورد — عراق، العدد(٥)، السنة الثامنة، مارت ١٩٥٤، ص ص ١٢-١٥.

١٨ی حوزەیران تا ١٣ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٥ کۆنگرەی ڕێبەرانی وڵاتانی گەورە لە جنێڤ گرێدرا. ئامانج تێدا بەدەی هێنانەدی ئاشتی و کۆتایی هێنان بوو بە ناکۆکییەکان(٧٠). لەم چوارچێوەیەشدا پارتی دیموکراتی کورد لە بەیاننامەیەکدا مەسەلەی ئاشتی و بەهێزکردنی بەربەستەکانی بەردەم جەنگی بە بەشێك لە مەسەلەی نیشتمانی لە قەڵەمداوە، چونکە پێی وابووە لە ئەگەری بوونی جەنگدا چارەسەری کێشەی کورد گرانتر و خەبات و تێکۆشان ئەستەمتر دەبێت، هەروەها هێزە داگیرکارەکان دەستیان کراوەتەر دەبێت لە کوشتن و ماڵوێرانکردنی مرۆڤدا، بۆیە بە هەموو شێوازێك پشتیوانی لە مەسەلەی ئاشتی کردووە. بەمەش بە ئومێدەوە لەم کۆنگرەیەی ڕوانیوە و نووسیویەتی:" ... **ئێمە بە هەستێکی پڕخوشیەوە سەیری ئەم کۆبونەوەیە دەکەین، چاوەڕوانی مژدەی سەرکەوتنی دەکەین، هەروەهاش هیوادارین کە گەڵێ کۆنگرەی تری بەدوا دابێ لە بارێکی باشتردا مراز و ئاواتی گەلانی تیا بێتەجێ ... بژی ئاشتی نێوان گەلان بمرێ جەنگ**"(٧١).

دواجار پارتی دیموکراتی کورد، بەم شێوەیە لەسەر هەڵوێستەکانی بەردەوامی بووە، تا ئەوەی جارێکی دیکە ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان یەك دەگرنەوە. بەمەش چالاکییەکانیان دەچێتە قۆناغێکی نوێی خەباتکردنەوە.

## ئەنجام

١. دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، پێویستییەکی مێژوویی قۆناغەکەی خۆیی بووە، بۆیە توانیویەتی لەسەر شانۆی ڕووداوەکان ڕۆڵی دیار ببینێت.

٢. دەستگیربوونی هەمزە عەبدوڵڵا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی سەرەتای دەرکەوتنی ناکۆکییەکان بوو لە نێو پارتی دیموکراتی کورد، کە دواتر سەری بۆ دروستبوونی باڵی جیاواز و جیابوونەوە کێشاوە.

٣. وێڕای ئەوەی ساڵی ١٩٥١ پارتی دیموکراتی کورد، دەبێتە دوو باڵی جیاواز، دوو سەرکردایەتی جیاواز، بەڵام هەردوو باڵەکە مەلامستەفای بارزانییان بە ڕێبەری خۆیان قبوڵ بووە.

٤. جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی بەرەی پێشکەوتوو هیچ پێوەندییەکی بە مەسەلەی فیکرییەوە نەبووە، بەڵکو زیاتر بابەتەکە ناکۆکی و ململانێی نێوان کەسەکان بوو، هەر ئەوەشە وای کردووە لە مێژوودا بە ململانێی نێوان باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و باڵی هەمزە عەبدوڵڵا نێوزەند بکرێت.

٥. وێڕای جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی بەرەی پێشکەوتوو، شتێکی ئەو تۆ لە ململانێی زەق لە نێو لایەنە ناکۆکان لە دواتردا نابینرێت، تا ئەوەی تێکەڵاوی یەکتر دەبنەوە.

٦. بە دەنگەوەهاتنی ڕێکخستنەکانی سلێمانی و کەوتنە ناوبازنەی بەرەی پێشکەوتوو زیاتر پێوەندی بە ناکۆکییەکانی نێوان ڕێکخستنەکانی سلێمانی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی هەبووە، ئەمەش زەمینەی زیاتری ڕەخساندووە بۆ بەرەی پێشکەوتوو، سلێمانی بکات بە ناوەندی چالاکییەکانی.

٧. بەرەی پێشکەوتوو لە ڕێگای هاندانی خوێندکارانەوە زەمینەی بۆ دامەزراندنی ئەلقەی ڕۆشنبیری کردووە، کە ئامانج تێدا پەرەسەندی لایەنی ڕۆشنبیری خوێندکاران و گردبوونەوە بووە بە دەوری پەیامەکانیدا.

(٧٠) مەحموود تلووعی، لە لینینەوە بۆ پۆتین، وەرگێڕانی: ڕەسوول سوڵتانی، ( هەولێر، چاپخانەی خانی دهۆك، ٢٠١١)، ل ٢٤٧.

(٧١) پارتی دیموکراتی کورد – عراق، ئیمە و کوبوونەوەکەی جنیف، ١٩٥٥/٧/١٤؛ پارتی دیموکراتی کورد- عراق، نحن واجتماع جنیف، ١٩٥٥/٧/١٤.

٨. کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٤ و سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٥ دامەزراندنی لقی عەشائیری لە لایەن بەرەی پێشکەوتووە، جۆرێك بوو لە لاسایی کردنەوەی هەوڵەکانی کۆمێنتێرن(٧٢)، کە لە بەرنامەی کاری خۆیاندا پشگیریان لە دەرەبەگە شۆڕشگێرەکان دەکرد لە دژی دەسەڵاتی بریتانیا و فرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٩. ئەگەرچی وەك چالاکی بەرچاو بەرەی پێشکەوتوو لە نێو ڕووداوە مێژووییەکان کەمتر دەردەکەوێت کە ڕەنگە ئەوە بۆ کەمی ڕێکخستنەکانی بگەڕێتەوە، بەڵام لە بەرانبەر ڕووداو و پێشهاتەکاندا ڕۆڵی دیاری بنیوە و بۆ هەر ڕووداوێك هەڵوێستی ڕوونی خۆی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بڵاوکراوەکان (لە ئەرشیڤی توێژەر پارێزراون)**

**أ: بە زمانی کوردی**

١. بەرەی پیش کەوتوی پارتی دیموکراتی کورد – عراق، بیرەوەری پیشەوای مەزن ستالین، ١٩٥٤/٣/٥.

٢. بەرەی پیش کەوتوی پارتی دیموکراتی کورد – عراق، راپەرینەکەی مللەت لە تشرینی دووەمدا، ١٩٥٣/١١/٢٢.

٣. بەرەی پیش کەوتوی پارتی دیموکراتی کورد- عراق، کوشتنی کریکارانی نەوت لە بصرە، ١٩٥٣/١٢/١٦.

٤. پارتی دیموکراتی کورد - عراق، ئیمە و سیاسەتی حکومەتی عراق، ١٩٥٥/٦/٩.

٥. پارتی دیموکراتی کورد – عراق، ئیمە و کوبوونەوەکەی جنیف، ١٩٥٥/٧/١٤.

٦. پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، گەلالەی پەیرەوی ناوخوی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، بێ ساڵی چاپ.

٧. کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد- عراق، بە بونەی راپەرینەکەی کانوونی دووەم، بانگی پارتی دیموکراتی کورد – عراق، ١٩٥٥/١/٢٦.

٨. کومیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد- عراق، پەیرەوی ناوەوەی لکی عەشیرەتەکانی پارتی دیموکراتی کورد –عراق، بێ ساڵی چاپ.

٩.

**ب: بە زمانی عەرەبی**

١. بارتي ديموكراتي كورد- عراق لجنة (١) المنطقة (٢)، ثورة اكتوبر العظمى، ١٩٥٢/١١/٦.

٢. بارتي ديموكراتي كورد- عراق لجنة المنطقة (٢)، الحزب الثوري بين المنهج و الكفاح، الحلقة الاولى من سلسلة الثقافية الثورية، ١٩٥٢/٦/٧.

---

(٧٢) کۆمێنتێرن، وەکو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی نێودەوڵەتی لەسەر دەستی (لینین) مارتی ١٩١٩ لە مۆسکۆ دامەزراوە. تێکڕای پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان وەکو لقێك پابەندی بڕیارەکانی بوون. لە ماوەی کارکردنیدا حەفت کۆنگرەی بەست، یەکەمیان مارتی ١٩١٩، دوایەمینیان تەمموزی ١٩٣٥ بوو، بەمەش بەردەوام بووە لەسەر کارەکانی تا ئەوەی لە ماوەی حوکمڕانی ستالین (١٩٢٣-١٩٥٣) لە مایسی ١٩٤٣دا هەڵوەشایەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: موفق المحامي، بيانات وموضوعات ومقررات الاممية الشيوعية (المؤتمران الاول والثاني ١٩١٩و١٩٢٠)، ترجمة: طلال الحسني، (بيروت، دار الطليعة، ١٩٧٢)، ص ص١١- ١٢.

٣. بارتي ديموكراتى كورد- عراق لجنة المنطقة (٢)، الحزب الثوري و الجماهير الكادحة، الحلقة الثانية من سلسلة الثقافية الثورية، ١٩٥٢/٧/١٥.
٤. بارتي ديموكراتى كورد- عراق لجنة المنطقة (٢)، نحن الانتخابات المقبلة، ١٩٥٢/٦/١٣.
٥. بارتي ديموكراتى كورد- عراق لجنة المنطقة (٢)، نحن و الجبهة الوطنية المتحدة، ١٩٥٢/٦/٢٦.
٦. بارتي ديموكراتى كورد- عراق لجنة المنطقة (٢)، نحن و الوزارة الجديدة، ١٩٥٢/٧/١٤.
٧. پارتی ديموكراتی كورد – عراق الجناح التقدمي، منظمة الطلاب في كوردستان العراقية التابعة لپارتی ديموكراتي كورد – عراق، دون سنة الطبع.
٨. پارتی ديموكراتی كورد - عراق، موقفنا من سياسة الحكومة العراقية، ١٩٥٥/٦/٩.
٩. پارتی ديموكراتی كورد- عراق، نحن واجتماع جنيف، ١٩٥٥/٧/١٤.
١٠. الجناح التقدمي پارتی ديموكراتی كورد – عراق، انتفاضة الشعب في تشرين الثاني، ١٩٥٣/١١/٢٢.
١١. الجناح التقدمي پارتی ديموكراتی كورد- عراق، انتفاضة الشعب في كانون الثاني ١٩٤٨، ١٩٥٤/١/٢٧.
١٢. الجناح التقدمي پارتی ديموكراتی كورد- عراق، ذكرى ستالين، ١٩٥٤/٣/٥.
١٣. الجناح التقدمي پارتی ديموكراتی كورد- عراق، قتل عمال النفط في البصرة، ١٩٥٣/١٢/١٦.
١٤. اللجنة المركزية المؤقتة پارتی ديموكراتی كورد- عراق، بيان الى شعبنا المناضل، ١٩٥٥/٧/١.

**دووەم: یادداشت**

**أ: بە زمانی كوردی**

١. بەكر عەبدولكەریم حەوێزی( رەئیس بەكر)، گەشتێك بە كۆماری مەهاباددا، چاپی دووەم، (هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠١).
٢. عبدالله احمد رسول پشدەری، یاداشتەكان لە كۆماری كوردستان، چاپی دووەم، (هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠٠٩).
٣. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بەشێك لە یاداشتەكانم، بەشی یەكەم، چاپی یەكەم، (سلێمانی، چاپخانەی حەمدی، ٢٠٠٦).
٤. مەلا عەولای حاجی سمایل، سەربردەی ژیانی سیاسیم، بەرگی یەكەم، ( بەغدا، چاپخانەی ئەڕڕەشاد،١٩٩٠).
٥. میراز محەمەدئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی مەنگوڕی یادەوەرییەكانی شاعیر و مێژوونووس میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی (١٩١٠-١٩٨٨)، (سلێمانی چاپخانەی یاد، ٢٠٠٩).

**ب: بە زمانی عەرەبی**

١. من اوراق المناضل حمزة عبدالله، تقديم وتعليق، محمد ملا عبدالكريم،"مخطوطة توجد نسخة منه بحوزة الباحث".
٢. نوري شاويس، من مذكراتي، (دون مكان وسنة طَبع).

**سێیەم: دیمانە**

١. دیمانەیەك لەگەڵ مومتاز حەیدەری، (هەولێر، ٢٤ی ئەیلولی، ٢٠١٦).
٢. دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلا، ئامادەكردنی: سەدیقساڵح و عەبدولرەقیب یوسف، (سلێمانی، تشرینی یەكەمی ١٩٩٨).

٣. دیمانەیەك لەگەڵ وەفا ساڵح ڕوشدی، ئامادەکردنی: فوئاد ڕەوەند، (دهۆك، ١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦).
٤. دیمانەیەك لەگەڵ ئیحسان موفتی، ئامادەکردنی: فوئاد ڕەوەند، (دهۆك، ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦).

**چوارەم: کتێب**

**أ: بە زمانی کوردی**

١. ئامانج حەسەن ئەحمەد، برایم ئەحمەد ١٩١٤-٢٠٠٠ ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیری گەلی کوردا، (سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩).
٢. د. ئەحمەد حەمەدئەمین، ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەك نموونە، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٦).
٣. ئەحمەد حەمەدئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عیراق، چاپە یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٠).
٤. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا ١٩٢٥-١٩٥٨، (هەولێر، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب،٢٠٠٧).
٥. ئەمجەد شاکەلی، سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەی نوێی چەپی کوردی( عیراق)، بەشی یەکەم، (www.kurdistannet.org، ٢٠٠٥).
٦. ب. هەوراز، کورتە لێکۆڵینەوەیەك لە مەڕ دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕش و ڕزگاری لە کوردستانی باشوور، ( بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٣).
٧. توانا رەشید کریم، سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨) لێکۆڵینەوەیەك لە بارۆدۆخی سیاسیی و رۆشنبیری، (هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٢).
٨. جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی: ح – أ، (سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، ٢٠١١).
٩. جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی دووەم، (هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٠٨).
١٠. جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێرانی: کوردۆ، (بێ شوێنی چاپ، ١٩٨٥).
١١. حوسێن محەمەد عەزیز، پێنج کاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد)دا، چاپی سێیەم، (سلێمانی، چاپخانەی سیما، ٢٠٠٢).
١٢. دادگای مێژوو، دیالۆگێکە لە نێوان عەبدوڵڵا ئۆجەلان- برایم ئەحمەد و محەمەد ڕەسول هاوار، (بێ شوێن و ساڵی چاپ).
١٣. دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، (سلێمانی چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٢).
١٤. سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، ڕۆژنامەوانیی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق ١٩٤٦- ١٩٥٨، ( سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠١١).
١٥. دوکتۆر شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوای نەتەوەی کورد لە عێراقدا ١٩٤٦-١٩٧٥، وەرگێڕانی: سوارە قەڵادزێی، (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٣).

١٦. علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی، (بێ شوێنی چاپ، ١٩٦٨).
١٧. فەرید ئەسەسەرد، ڕەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ( سلێمانی، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٢).
١٨. قامووسی ناوە نەمرەکان، ئامادەکردنی: مومتاز حەیدەری، هێرش سنجاوی و کاروان قاسم، بەرگی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٤).
١٩. کاکی کاکان، مرۆڤ و ڕوناکبیر و شۆڕشگێر، بەرگی یەکەم، خەباتی ساڵانی ١٩٢٤- ١٩٦١، ( هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ١٩٩٨).
٢٠. کریس کوچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست، وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم، (هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران، ٢٠٠٣).
٢١. مەحموود تلووعی، لە لینینەوە بۆ پۆتین، وەرگێڕانی: ڕەسوول سوڵتانی، ( هەولێر، چاپخانەی خانی دهۆك، ٢٠١١).
٢٢. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، بەرگی یەکەم، ( بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٢).
٢٣. مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق ١٩٤٥-١٩٥٨، (سلێمانی، سەنتەری لیکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، ٢٠٠٥).
٢٤. محەرەم محەمەد ئەمین کۆبەرهەمە ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفییەکانی، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨).
٢٥. محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبیەتی لە کوردستانی باشووردا، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٤).
٢٦. محەمەد فاتیح، حزب و رێکخراوە سیاسیە عیراقییەکان ١٩١٠-٢٠١٠، (سلێمانی، ٢٠١٢).
٢٧. موسەدەق تۆفی، گۆڤارا رۆناهی ١٩٦٠-١٩٦٢، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤).
٢٨. نەوشیروان مستەفا ئەمین، بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین، چەند لاپەڕەیەك بە مێژوی رۆژنامەوانی ی کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨، کتێبی دوەم، بەرگی یەکەم، (بیروت، دار العربیە للعلوم ناشرون، ٢٠١٣).
٢٩. وریا جاف، مێژووی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٩٦، ( دهۆك، چاپخانەی خەبات، بێ ساڵی چاپ).

**ب: بە زمانی عەرەبی**

١. د. اسماعیل شکر رسول، اربیل دراسة تأریخیة في دورها الفكري و السیاسي ١٩٣٩-١٩٥٨، ( السلیمانیة، مطبعة بینایی، ٢٠٠٥).
٢. بكر احمد یعقوب، ظهور امریكا كقوة عظمی و دورها في بلدان شرق الاوسط دراسة في التاریخ السیاسي المعاصر، (اربیل، مطبعة شهاب، ٢٠٠٨).
٣. د. تلار علي امین، موقف تركیا من القضیة الكردیة في العراق، ( السلیمانیة، مطبعة البیاني، ٢٠١١).

٤. د. جعفر عباس حميدي، التطورات و الاتجاهات السياسية الداخلية في العراق ١٩٥٣-١٩٥٨، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٠).
٥. جمال بابان، اعلام كرد العراق، الجزء الاول، ( السليمانية، مطبعة شڤان، ٢٠٠٦).
٦. جمال بابان، اعلام الكورد، الجزء الثاني، (السليمانية، مطبعة روون، ٢٠٠٩).
٧. حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني- العراق( في محطات رئيسية)١٩٤٦-١٩٩٣، الطبعة الاولى، (دهۆك، مطبعة خەبات، ١٩٩٨).
٨. خالد صبحي أحمد الخيرو، السياسة الخاريجية العراقية بين ١٩٤٥-١٩٥٣، (بغداد، ١٩٥٦).
٩. صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، (بيروت، مؤسسة البلاغ للطبعة و النشر و التوزيع، ٢٠٠١).
١٠. عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء التاسع، الطبعة الخامسة، (دار الحياة، دون سنة الطبع).
١١. د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٩).
١٢. د. عبدالفتاح علي البوتاني، الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦-١٩٥٨، ( اربيل، ٢٠٠٣).
١٣. د. كمال مظهر احمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر دراستة تحليلية، (بغداد، منشورات مكتبة البدليسي، ١٩٨٧).
١٤. د. ممدوح مصطفى منصور، الصراع الامريكي السوفيتي على الشرق الاوسط، ( المكتبة الدبولي، ١٩٩٥).
١٥. موفق المحامي، بيانات وموضوعات ومقررات الاممية الشيوعية (المؤتمران الاول والثاني ١٩١٩و١٩٢٠)، ترجمة: طلال الحسني، (بيروت، دار الطليعة، ١٩٧٢).
١٦. وليد محمد سعيد الاعظمي، نورى سعيد و الصراع مع عبدالناصر، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٨).

**ج : بە زمانی تورکی**

١. Dr.BILâlN, Simsir, TÜRK –IRAK ILISKILERINDE TÜRKMENLER, (Istanbul, ٢٠٠٤).
٢. Dr.Rifat UÇAROL, Siysi Tarihi ١٧٨٩_٢٠١٢, ٩.basım, (Istanbul, Der yayınları, ٢٠١٣).

**پێنجەم: نامە و تێزە زانکۆییەکان**

١. ئاشنا عەلی محەمەدئەمین، هەمزە عەبدوڵڵا و ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، (زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی مێژوو، ٢٠١٤).
٢. دڵشاد مەحموود عەبدوڕڕەحمان، کەرکووک لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی فیکری و سیاسی (١٩٣٢-١٩٥٨)، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، (زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی مێژوو، ٢٠٠٦).

**شەشەم: گۆڤارەکان**

**أ: بە زمانی کوردی**

١. جەمشید حەیدەری، لە چلەی ماتەمی تێکۆشەر مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا، گۆڤاری (بەربانگ)، ژمارە (١١٠)، (ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩).

٢. مام جلال، ((هەمزەیی)) و (( صالّحی)) لە ناو پارتی دا، گۆڤاری (خاك)، ژمارە (٢٠)، ساڵی دووەم، (سلێمانی، ١٠/ شوبات / ١٩٩٩).

٣. محمدی مەلا کەریم، ڕچەشکێنێکی تری ڕێگای کوردایەتیی پێشکەوتخواز بەجێ هێشتین، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژمارە (١٢١)، (بەغدا، ١٩٩٩).

**ب: بە زمانی عەرەبی**

١. د. دلير احمد حمد، حمزة عبدالله دوره في تأسيس الحزب الديمقراطي الكوردي- العراق و تطويره (١٩٤٦-١٩٥٣)، مجلة (K٢١)، العدد(٢١)، (اربيل، ٢٠١٤).

٢. صبغة الله المزوري/ الباواني، الذكرى الرابعة لرحيل علم من اعلام الكورد قل مثيله لمرحلة تأريخية هامة، مجلة (متين)، العدد (١١٧)، (دهۆك، ٢٠٠١).

**حەفتەم: ڕۆژنامەکان**

**أ: بە زمانی کوردی**

١. بەرەی پارتیو دەستە دیموکراتییە نیشتمانیەکان پیویستیەکی نیشتمانی زور بە پەلەیە، ڕۆژنامەی (ڕزگاری) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد عراق، ژمارە (٣)، ساڵی هەشتەم، کانوونی یەکەمی ١٩٥٣.

٢. بێری خائین، ڕۆژنامەی (رزگاری) ئورگانی پارتی دیموکراتی کورد- عیراق، ژمارە (٤)، ساڵی هەشتەم، کانوونی دووەمی ١٩٥٤.

٣. پروگرامی بەرەی نیشتمانی یەك گرتوو، ڕۆژنامەی (ڕزگاری) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد عراق، ژمارە (٣)، ساڵی هەشتەم، کانوونی یەکەمی ١٩٥٣.

٤. فەیسەڵ دەباغ، کێ زوڵمی لە هەمزە عەبدوڵڵا کردووە؟، ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٣٠٠٧)، هەولێر، ٢٠٠٠/١/١٣.

٥. مام جەلال، لە یادی کوردپەروەری هەولێر (عەونی یوسف)دا، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٧٣٣)، هەولێر، ١٩٩٤/٧/١٧.

٦. ئەو هێزانەی کار ئەکەن لە پەنا کارەساتەکانی روژهەلاتی ناوەراستدا، ڕۆژنامەی (ڕزگاری) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد عراق، ژمارە (٧)، ساڵی نۆیەم، تشرینی دووەمی ١٩٥٤.

**ب: بە زمانی عەرەبی**

١- بيريا الخائن، جريدة (رزگاری) لسان پارتی دیموکراتی کورد – عراق، العدد(٤)، السنة الثامنة، كانون الثاني ١٩٥٤.

٢- بين ميثاق سعداباد و الاتحاد العربيى و حلف تركيا – پاكستان العسكري، جريدة (رزگاری) لسان پارتی دیموکراتی کورد – عراق، العدد(٥)، السنة الثامنة، مارت ١٩٥٤.

٣- جبهة الاحزاب و المنظمات الوطنية الديموقراطية ضرورة عاجلة، جريدة (رزگاری) لسان پارتی دیموکراتی کورد – عراق، العدد(٣)، السنة الثامنة، كانون الاول ١٩٥٣.

٤- حلف پاكستان و تركيا، جريدة (رزگاری) لسان پارتی دیموکراتی کورد – عراق، العدد(٥)، السنة الثامنة، مارت ١٩٥٤.

٥- محنة البازانيين، جريدة (رزگاری) لسان پارتی دیموکراتی کورد – عراق، العدد(٦)، السنة الثامنة، نيسان ١٩٥٤.

٦- منهج الجبهة الوطنية المتحدة، جريدة (رزگارى) لسان پارتى ديموكراتى كورد – عراق، العدد(٣)، السنة الثامنة، كانون الاول ١٩٥٣.

## ملخص البحث باللغة العربية

يعد تأسيس الحزب الديمقراطي الكرد (پارتى) عام ١٩٤٦ ضرورة تاريخية للحياة السياسية في جنوب كوردستان، وهذا ما جعله مرحبا به من قبل أغلب المواطنين والمناضلين آنذاك. حيث كان الحزب الديمقراطي في بدايات تأسيسهِ ذا نشاط ودور واضح في الأحداث السياسية على الصعيدين الداخلي لجنوب كوردستان والعراق على السواء، حتى عام ١٩٤٩ عندما اعتقل جزء من كوادره التنظيمية، ومن هنا ظهرت الأصوات المنددة والمحتجة عليها مما أدى إلى حدوث انشقاق ونشوء الجناح التقدمي عام ١٩٥١. استمر الجناح التقدمي بين العامين ١٩٥١ -١٩٥٦ في نشاطاته، ولكن الملاحظ أن الباحثين لم يكتبوا عنه بما فيه الكفاية ولم يعطوا الموضوع حقه، وكان هذا السبب الرئيس للكتابة في هذا البحث.

إن بحثا من هذا النوع وفي هذا الموضوع المتعلق بحزب سياسي عمل في مرحلة النظال السري، يسبب الكثير من المشاكل والعوائق للباحث، ومنها: قلة المعلومات المتوفرة على كافة الأعمال والنشاطات بسبب فقدان الكثير من الوثائق وتلفها، قلة المعلومات في المصادر وتناقض المعلومات فيها، التقصير في كتابة المذكرات من قبل الشخصيات الرئيسية. ومع كل هذه المصاعب والعراقيل تمكن الباحث من الخوض في غمار هذا البحث ويتوصل إلى عدة نتائج، ويتكون هذا البحث من مقدمة وثلاثة مباحث كالآتي:

المبحث الأول: يركز على تأسيس الحزب الديمقراطي الكردي ودوره ونشاطه ما بين الاحداث السياسية.

والمبحث الثاني: مخصص لبدايات ظهور النزاعات الداخلية التي أدت إلى إنبثاق الجناح التقدمي منها.

اما المبحث الثالث: فيبين موقف الجناح التقدمي من الاحداث الداخلية والخارجية، وعليه تم الاعتماد على الكتب والمنشورات التي تم نشرها من قبل هذا الجناح.

وفي النهاية ختم البحث بالنتائج التي توصل إليها الباحث.

## Abstract

The establishment of Kurd Democratic Party (KDP) was a historical necessity in the political life of south of Kurdistan. The necessity made the majority of the patriots and strivers of that time to well receive it. KDP, from its establishment, started activities and had a clear role in the political events and expectations on the levels of south of Kurdistan and Iraq, until eventually a part of its members were detained in 1949. Thus, the start of protests is made and the result was separation of (Baray Peshkawtu) in 1951. Baray Peshkawtu continued its activities between1951-1956. However, fewest numbers of academic studies are conducted on them. Therefore, this is the main reason behind conducting this research.

A research of this type, especially for a political party that worked in phase of secret struggle, poses many obstacles to the researcher, such as, first, unavailability of sufficient information on the whole activities due to being damaged, in addition to the scattered resources and contradicting information among them. Second, negligence in writing memoirs by the main characters. In spite of these challenges, this research could come to conclusion with existence of an infinite patience, hardworking, and detailed analysis of the available resources. The research consists of an introduction, three topics, and a conclusion.

In the first topic, light was shed on the establishment of KDP and its role and activities in the events and expectations, till the detaining of its members. The second topic is dedicated to the rise of internal conflicts and the separation of Baray Peshkawtu. Finally, in the third topic, the stance of Baray Peshkawtu on the internal and external events and expectations are referred to. For this purpose, there is reliance on the scripts and publications that were published by Baray Peshkawtu. In conclusion, the researcher analyzed in detail the conclusions that are reached to from the cover to cover of the research.